منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بالاپۆشی

ڕێگەیەك بۆ سەركەوتن

ئامادەكردنی:
مەسرور سلێمان

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

بالاپوشی

پڕگایەکی بۆسەرکەوتن

سوپاس و پێزانین

سوپاسی هەموو ئەو خوشک و برا بەڕێزانە دەکەم کەوا یارمەتی دەر و هاندەرم بوون لە نووسین و چاپکردنی ئەم نامیلکەیە، داواکارم لە خوای میهرەبان کە پاداشتی بەخێریان بداتەوە و دامەزراویان بکات لەسەر ڕاستە شەقامی ئیسلام وە سەرکەوتووی دونیا و، دوارۆژیان بکات وە بۆیان بکاتە ڕوناکی گۆڕ و تێشوی قیامەتیان .

ناوی کتێب: باڵاپۆشی... رێگایەک بۆ سەرکەوتن .
ئامادەکردنی: مەسرور سلێمان عەزیز(مەسرور دوکانی)
پێداچوونەوەی : م . ناصح محمد شارباژێری
نۆبەی چاپ: شەشەم .
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠ زایینی - ١٤٤٢ کۆچی.
تیراژ: ١٠٠٠دانە.
ژمارەی سپاردن (١٦٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٩زایینی .
دیزایین: ناوەندی رێنوێن
مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ ئامادەکار .

پێشەست

پێشەکی	٩
دەسپێک	١١
ڕێگریەکانی بەردەم باڵاپۆشی ئافرەتانمان ..	٢٥
زیانەکانی سفوری ئافرەت و خۆڕازاندنەوەیان لەناو نامەحرەم دا	٤٥
ئایا ئاسودەیی لە گۆرانی و ناوبانگ و سەمادایە ...	٤٩
ئەزموونی هەندێک لەو خوشکانەی بوونەتە باڵاپۆش	٩٥
مەرجەکانی باڵاپۆشی	٧٧
پەیامێکی گرنگ و پێویست بۆ ئەو خوشکانەی کە باڵاپۆشن	٨١
دوایەمین وێستگا مردن	٩٣
خوشکەکەم دەرگای بەزەیی پەروەردگار کراوەیە بۆت	٩٩
ئەی کچە شیرینەکەم	١١٥
لە کۆتاییدا	١١٩
سەرچاوەکان	١٢٣

پێشەکی

سوپاس و ستایشی بێ پایان و بێ ژمارە و بێ سنوردار بۆ خودا، بە ژمارەی درووستراوەکانی و بە ئەندازەی ڕەزامەندی خۆی و بە سەنگ و قورسایی عەرشەکەی و ڕێژەی مەرەکەبی وشکانی و پێوانەی زەوی و ئاسمان و دڵۆپەی باران، سەلات و سەلامیش لە سەر پێغەمبەری سەرداری پێغەمبەران ﷺ.

خزمەتکردنی دینی ئیسلام ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمانێکی دڵسۆزە بە پێی توانا، داوا لە خواش دەکەم ئێمەش بکاتە خزمەتکار و هەڵگری ئاڵاو بانگەوازی ئەم دینە پیرۆزە کە، مایەی سەربەرزی و ڕزگاری دونیاو دواڕۆژی ئێمە و هەموو ئاڵا هەڵگرانی و تەواوی مرۆڤایەتییە .

نووسینی ئەم نامیلکەیەش لە مەیدانی شەرم و شکۆدا کە، بەشێکە لە بڕوای بڕواداران و دینی دینداران و ئیسلام پەروەران لە خوا دەخوازم خشتێکی زێڕین بێت لە کۆشک و باڵاخانەی بانگەوازی ئیسلامی لە کوردستاندا .

بە کاک مەسروورِیش دەڵێم دەستت خۆش بێت، خامەت ڕەنگین و کۆڵت سەنگین، خوا لێت وەرگرێت و بەرهەمی چاکتر و بە کەڵکتر و بە پێزتری بە دوادا بێت، هەر ماندوو نەناس و پشوو درێژ بیت بۆ خزمەتی ڕابوونی ئیسلامی، لە خوا داوا دەکەم ئالای ئیسلام بە ئێمە بەرز و شکۆدار بکات ئێمەش بەم پەیامە پیرۆزە سەربەرز و پایەدار بکات .

و السلام علیکم و رحمة الله و برکاته

مەلا ئەحمەدی شەریعە

دەستپێک:

بۆ خوشکی ئازیزم ئەی دووڕومەزجانی پاریزراو، ئەی گوڵی پشکوتو، ئەی گوڵی لێکراوەی پاک، ئەی نێو نەمامی ژیان، ئەی گوڵی کۆمەڵگا، ئەی تاجی سەری میللەت، ئەی خوشکی بەڕێزی موسڵمانم، بۆ تۆم نوسیوە ئەم ووشانە بە مەرەکەبێک لەخوێنم لەسەر پەڕەی دڵم وە بەخۆشەویستی و دڵسۆزیم پێچاومەتەوە و بەڕاستگۆی و وەفاوە پێشکەشتی دەکەم، بۆ تۆم کۆکردۆتەوە ئەی پێشڕەوی نەوەکان، ئەی پەروەردەکەری قارەمان، دەتۆش جوان بیخوێنەرەوە و گوێی بۆبگرە و دڵتی بۆ بکەرەوە و مێشکتی بۆبخە کار و لێمی وەربگرە، خوشکەکەم ئەی ئەو کەسەی ناوی ((لا اله الا الله)) ت هێناوەو ((محمد رسول الله)) ت لەگەڵ بردووە و باوەڕت پێهێناوە دینەکەت تەواو بکە بە بالاپۆشینەکەت، بالاپۆشی و نوێژ لێک جیامەکەوە یان بڵێی هەرشتەو بۆخۆی، خوای گەورە لێکی جیانەکردوونەتەوە هەردووکی فەرز کردووە، خوشکی ئازیزم سەیری مرۆڤە خراپەکان مەکە هیچت بۆ

زیادناکەن گوناهو تاوان نەبێ هەروەها شەرمەزارو عەیبدارت ئەکەن لەدونیاو ئاخیرەت دا، خوانەخواستە من نامەوێ خوشکان برینددار بکەم و دڵیان زوێر بکەم بەڵکو ئەمەوێ جەخت لەسەر شەرمی ئافرەتان بکەمەوە لەبەر ئەوەی گرنگترین جۆری شەرمە، نەیارانی دین ئەیانەوی گێرەشێوێنی بنێنەوە، هەوڵدەدەن شەرمی ئافرەت نەهێڵن چونکە ئەوە زایە بوونی لاوان ئاسان دەکات، ئەگەر بڵێین شەرم بۆ پیاو شتێکی پێویستە ئەوا بۆ ئافرەت زۆر پێویستترە و سروشتی ئافرەت لەشەرمەوە نزیکترە و پێی خۆشترە، گەورەترین شەرمی ئافرەتیش ئەوەیە جەستەی داپۆشێت.

من لێرەدا پرسیارێکم هەیە: ئەگەر شتێکی زۆر بەنرخت هەبێت بۆ نموونە ئەگەر مرواریپەکت هەبێت ئایا لە شوێنێکی شیاو دەیپارێزی یان نا؟ ئەی ئەگەر شتەکە بەنرختربێت دەیخەیتە بەردیدەی خەڵکی یان باشتر دەیپارێزیت؟ ئەی گرنگترین شتی ئافرەت چی یە؟ ئایا شەرم و شکۆکەی نی یە؟ ئەی ئەمە شایەنی ئەوە نییە پارێزگاری لێبکرێت؟ ئەوە نیە گوێچکە ماسی مرواری هەڵدەگرێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بیئەوەی لەسەرەتادا هیچ سودێکی هەبێت بەڵام ئەم پاراستن و هەڵگرتنە پێ□ویستە بۆدروستکردنی مرواری، هەروا بالاپۆشیش پێویستە بۆپاراستنی تۆ .

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدا بۆچی بالاپۆشی لەسەر ئافرەت فەرز کراوە ولەسەر پیاو فەرز نەکراوە؟ ئایا ئەمە بۆ بەر تەسککردنەوەی ئازادی ئافرەتە؟ یان چی؟ لەوەڵامدا

دەڵێین: سەد پیاو ناتوانن یەک ئافرەت هۆگری خۆیان بکەن و هەڵیخەڵەتێنن گەر خۆی نەیەوێت بەڵام تاکە ئافرەتێک دەتوانێ سەد پیاو هۆگری خۆی بکات هەر لەبەر ئەمەیە بالاپۆشی (حیجاب) بەسەر ئافرەتدا فەرزکراوە چونکە سەرچاوەی کاریگەرییە.

ئەوە حیجابە و لە ئاسمانەوە فەرمانی پێکراوە، لە ئاسمانەوە دابەزیوە سمبولی فەخر و شانازی هەموو کچە موسڵمانێکە، فەرمانی ئەو ئیسلامەیە کە ستووری ئەم وڵات و ئەو وڵات نایگۆڕێت، لەکاتی پێش ئیسلام بەچاوێکی بێزراو ئەیانڕوانیە ئافرەت بەڵام ئیسلام هات نرخێکی گەورەی بەئافرەت بەخشی تا پیاو فێر بکات کە، بەهای ئافرەت لەجەستەیدا نییە بەڵکو لەجوانی عەقڵ و بیر و هۆشیدایە، لەجوانی ناوەڕۆکیدایە، کەواتە دیارە کێ ڕێزی لەئافرەت ناوە و، کێش لەشان و شکۆی کەمکردۆتەوە، جا بۆیە خوشکەکەم یەکێک لەهەرە گەورەترین شەرم و حەیای ئافرەت لای خوای گەورە حیجابەکەیەتی، ئەگەر تۆ ئافرەتێکی بەشەرم بی لای خوای گەورە دەبێت بەحیجابەکەت بیسەلمێنی کەشەرم دەکەی، حیجابیش واتە خۆ پۆشتەکردن، واتە داپۆشینی بەرزو نزمی ئافرەت، واتە دەرنەکەوتنی جەستەی ئافرەت

هەروەکو خوشکێکی موسڵمان کەناوی (غەمگین کۆساریيە) لە شعرێکدا دەڵێت:

حیجاب کارێکی جوانە
بەرگی بەری خوشکانە
ئافرەت حیجاب کە بێدەنگ
کەر پیری یا شۆخ و شەنگ
حیجاب یانی داپۆشراو
نەک بەرگێکی دیاری کراو
بەرگی کوردی ئافرەتان
یادگاری پێشینان
بەمەرجێ تەنگ نەبێ
دەرخەری لاشەت نەبێ
لای من بەرگێکی جوانە
پیرۆز بێت لەوخوشکانە
کە شەرعیە کالآیان
نەپۆشن کشت بالآیان
ئێستین ئافرەتی کوردین
موسڵمانین کار وودرین
خۆناکەینە پێشانگا
بۆ چڵێس و بێ ئاگا

لێرەدا دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە زۆر لە خوشکانی مسوڵمان لەمێشکیاندا هەیە ئەویش ئەوەیە ئایا بالاپۆشی فەرزە یان سونەتە؟ لەوەڵامدا دەڵێین: بالاپۆشی فەرزە و لەلایەن خواوە فەرز کراوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەشمان دەبێ بیسەلمێنین کە فەرزە ئەویش بەو ئایەتەی کە خوای گەورە لە قورئاندا لە سورەتی الاحزاب دا لە ئایەتی (٥٩) دا ئەفەرموێت:

{ يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا } [الأحزاب ﴿٥٩﴾]

((ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی بڕوادار بە پۆشاکی بالاپۆش خۆیان دابپۆشن بۆ ئەوەی بناسرێن و ئازارنەدرێن)) خوای گەورە لەئایەتەکەدا دەفەرموێت (فلایؤذین) واتە (بۆ ئەوەی ئازار نەدرێن) بۆیە ووردبینەوە و لەم ووشەیە تێ بگەین یانی چی بۆ ئەوەی ئازار نەدرێن؟ لە وەڵامدا دەڵێین: خوشکی بەڕێزم بیر بکەرەوە کاتێک ئافرەتێک بەجلێکی بێ شەرعییەوە کە لاشەی دەربخات دەڕواتە دەرەوە، کاتێک کە بە لای کومەڵێک لە کەسی نەفامدا تێدەپەڕێت چەندەها تانە و تەشەر و تەعلیق و وتەی پڕ و پوچ بەو ئافرەتە دەوترێت، ئا لەم کاتەشدا ئافرەتەکە هەستی بریندار دەبێت و خەفەتی پێدەخوات و ئازار دەچێژێت، ئالێرەدا بۆت دەردەکەوێت کە ووشەی (فلایؤذین) واتە (بۆئەوەی ئازار نەدرێن) بۆ قازانجی تۆیە جا بۆئەوەی هەستت بریندار

نەکرێیت و تانەو تەشەرەت لێنەدرێت و ئازار نە چێژیت خۆت پۆشتە بکە .

خوشکی ئازیزم لێرەدا ئەوەت پیدەڵێم: باشە ئەگەر شتێک زۆر گرنگ نەبێت بە ووشەی خوای گەورە فەرز دەبێت؟ لەبەرئەوە دەبێت بالاّ پۆشیت زۆر لا خۆشەویست بێت چونکە جێبەجێ کردنی ئەمرێکە کە لە عەرشی خوای گەورەوە دابەزیوەتە سەر زەوی.

ئەی خوشکی مسوڵمانم ئایا دەزانی فەرمانی کێت بە لاوە ناوە؟ ئایا دەزانی سەرپێچی لە فەرمانی کێ دەکەیت؟ لە فەرمانی زاتێک دەرچوویت کە گشت نیعمەتێکی بەسەردا باراندوی، خوشکەکەم ئەگەر پرسیارێکت لێبکەن و بڵێن: خۆشەویستی تۆ کێ یەو دوژمنت کێ یە؟

لەوەڵامدا دەڵێیت:خوام خوشدەوێ و شەیتانیش دوژمنمە بەڵام بە داخەوە وەڵامی پرسیارەکەت لە جەستەتدا ڕەنگ ناداتەوە بە زمان دەڵێی: خوام خۆشدەوێ کەچی بەکردار نایسەلمێنی، کارێک دەکەی کەخودا خۆشی ناوێ لەم کاتەشدا دەبیتە (وەستای قسان ُو کۆڵەواری دەستان) هەربۆیە شەیتان ووتویەتی: سەرم لە بەنی ئادەم سوڕ ادەمێنی خوایان خۆش دەوێت کە چی سەرپێچی فەرمانەکانیشی دەکەن ڕقیان لە منەو لە فەرمانەکانیشم دەرناچن .

خوشکی بەڕێزم گوێ بۆ ئەم بەسەرهاتە ڕاستەقینەیە بگرە کە ئافرەتێکی ئەمریکییە باسی بەسەرهاتێکی خۆی دەکات،

ئافرەتەکە مسوڵمان دەبێت لە ناو زانکۆیەکی ئەمریکایە لە کالیفۆرنیا، دەڵێت کە، من کاتێ حیجابم پۆشی یەکەم کەس بوم لەناو ئەو زانکۆیە کە حیجاب پۆشبم، دەڵێ چەند مامۆستای کاسۆلیک هەبوون ویستیان چەند کێشەیەکم لەسەر دروستکەن نمرەیان لێ شکاندم، لە چەند دەرس دەریان نەچاندم، هەتا وای لێهات کێشەکە گەیشتە دادگا، لە زانکۆ لیژنەیان دانا بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەو مەوزوعە، ئافرەتەکە شکاتی لەو مامۆستایانە کرد کە دژیا بوو لەسەر حیجابەکەی وایلێدەکەن قەزیەکە لە دادگا ڕوون بۆوە و دەرکەوت کە ئەو مامۆستایانە لەسەر حیجابەکەی وایلێدەکەن، ئەوێش تەنازولی نەکرد، دەڵێ لەو کاتەدا کە دانیشتبوو ئەو ئافرەتە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەریشی بکەن لەزانکۆ حیجابەکەی فڕێ نادات، ووتی چونکە ئەمرێکی خوایە شەرم لە هیچ کەسێک ناکەم دوایی قەزیکە کە تەواوبوو لە بەرژەوەندی ئافرەتەکە تەواو بوو چوار مامۆستا و چەندین تەلەبەی تر لەسەر دەستی ئەو ئافرەتە مسوڵمان بوون بەس لەبەرئەوەی حیجابەکەی فڕێ نەدا

سەیرکە خوشکی ئازیزم ئەو ئافرەتە چەند سووربوو لەسەر حیجابەکەی، چونکە ئەزانێت فەرمانی کێی جێ بەجێ کردووە، ئەزانێت پۆشینی حیجاب لەبەرژەوەنی خۆیدایە..... لەبەرئەوەی فەرمانی خودای بەلاوەنەنا و تەنازولی نەکرد خوای گەورەش پشتی گرت و سەری خست.

بەڵێ خوشکی بەڕێزم بالاپۆشی ژیانێکی پڕ ئاسوودەیی و بەختەوەریت پێ دەبەخشێت، ژیانێکی وات پێ دەبەخشێت کەلەدونیا سەرکەوت و سەرفراز بیت لەقیامەتیش ڕەزا بوونی پەروەردگار بەدەست بهێنیت و بەهەشت جێگەت بێت.

وریابە خوشکەکەم بزانە پۆشینی حیجاب چەند گەورەیە و نەپۆشینیشی چەند تاوانێکی گەورەیە دەزانی بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر نوێژبکەیت بەلایەنی زۆرەوە پێنج دەقیقە بەنوێژەکەوە دەبیت ئەگەر بەڕۆژووش بیت لەبانگی بەیانیەوە تا بانگی ئێوارەیە ماوەکەی، وە ئەگەر سەفەری حەجیش بکەیت ئەوپەڕی مانگێکە ماوەکەی، ئەم ئەرکانە هەمووی فەرزن پاداشتەکەشیان گەورەیە لەلای خودا بەڵام ماوەکەیان کەمە لە چاو حیجابەوە، چونکە تۆ ئەگەر حیجاب بپۆشی نەپێنج دەقیقەیە و نە لە بانگی بەیانییەوە تابانگی ئێوارەیە و تەمانگێکیشە، بەڵکو حیجابەکە تۆ بەردەوام پۆشیوتە لەبەرئەوە بەدرێژایی پۆشینی حیجاب خێر و عیبادەتت بۆ دەنوسرێ، بەڵام ئەگەر حیجاب نەپۆشی مەلائیکەتی سەر شانی چەپت بەردەوام لەنوسینی گوناهدایە بۆ تۆ لەبەرئەوەی بەردەوام لەبێ فەرمانی خوای گەورەدای[1]، ئەو هەموو گوناهەت بۆ نوسراوە بەبێ ئەوەی هەستت پێ کردبێ و گوێت پێدابێت و ڕۆژێک لەڕۆژان بیرت لێکردبێتەوە.

لەسەردەمی نەفامی یەکەمدا خۆ دەرخستن بەلەبەرکردنی تەنوورەی کورتی تەسکی فەتحە دار یان بۆدی و پانتۆڵی تەسک نەبوو نا... نەخێر بەڵکو جلی درێژو فراوانیان لەبەر دەکرد

(١) کاتێک دەڵێین بەردەوام لە بێفەرمانی خوای گەورەدای، مەبەستمان ئەو کاتانەیە کە دەڕۆیتە دەرەوە لە ماڵ یان لە بەرامبەر پیاوی نامەحرەمدا

بەڵام مل و قژیان دەردەخست ئەمە خۆ دەرخستنی نەفامی یەکەم بوو، هەروەکو ئەو حیجابە ناتەواوانەی کە ئەمڕۆهەندێ لەخوشکان لەبەری دەکەن، بەداخەوە زۆر خوشکی مسوڵمان هەیە بە حسابی خۆی حیجابی پۆشیوە، بەڵام زۆرێک لەقژی بەدەرەوەیە یان سنگی دانەپۆشیوە یان قۆڵی دانەپۆشیوە یان قاچی دانە پۆشیوە، من نامەوێ ئەو خوشکانە تووڕەبکەم، بەڵام کارەکە پەیوەستە بەشەرمی تۆ و فەرمانی خودا، پەیوەستە بەوەی کە چۆن دەوەستێ لە بەرامبەریدا لە ڕۆژی دوایدا، لە پۆشاکەکەت پرسیارت لێدەکات، بەڵکو من پێشم خۆشە کەهەنگاوی یەکەمیان ناوە ئەمەوێت هەنگاوی گەورەتر هەڵگرن تاحیجابەکەیان تەواو دەبێت و سنگ و گەردن و هەموو لاشەیان دابپۆشێت، لەئیسلامدا ڕێزی ئافرەت هێندە بەرزە کە لە پێناوی ئەودا چەندەها شەڕ بەرپابووە، چەندەها کەللەسەریان لەپێناوی یەک ئافرەتدا تێک و پێک شکاندووە، پێغەمبەر(ﷺ) جەنگێکی گەورەی بەرپاکرد لەسەر ئافرەتێک کە گیانی دەرکەوت کەجەنگی (بەنوقینوقاع) بوو، جولەکەکانی (بەنوقینوقاع) لەمەدینەدا دەژیان و بازاڕیکی ئاڵتونیان هەبوو ڕۆژێکیان ئافرەتێکی موسوڵمان چووە ئەو بازاڕە بۆ شت کڕین جولەکەیەکی پیس لای خواروی کراسەکەی بەست بەسەریەوە کاتێک ئافرەتەکە هەستا گیانی بەدەرکەوت جولەکەکان پێی پێکەنین یەکێک لەهاوەڵەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) هاتوو جولەکەکەی کوشت، جولەکەکانیش هاوەڵەکەیان شەهید کرد پێغەمبەریش(ﷺ) بەسوپایەکەوە چووە سەر هۆزی (بەنو قینو قاع) و گەمارۆیدان و لەمەدینە دەری کردن ئەوانیش پەرتەوازە

بوون و مردن، هەموو ئەمانە لەپێناو ئافرەتێکدا بوو کە گیانی دەرکەوت ئەی ئەگەرپێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکان پاش ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبونە حاڵی ئێمەیان ببینیایە چییان ئەکرد؟ ئەی ئێمە چییان پێ بڵێین لەڕۆژی دوایی؟ توخوا بەڕای تۆ دەبێت پێغەمبەری خوا ﷺ چی بکات کاتێک بارودۆخمان ئاوا ببینێت؟ یان دەبێت چی بفەرموویت؟ زۆر بەکوڵ دەگریت ..... دەگریت و بەڕووی من و تۆدا دەفەرموویت: بۆ گەیاندنی ئەم دینە بە کەسانێکی وەکو ئێوە من ژیانی خۆم تەرخان کرد بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە، دەربەدەری و چەرمەسەری زۆرم چەشت، لەشاری (مەککە)ی خۆشەویست وە دەریان نام ، لە شاری (طائیف) بەردبارانیان کردم خوێن بەسەرمدا دەهاتە خوار هەتا گەیشتە بنی پێم، (سێ)سااڵ لە شیوی (ابوطالیب) ئابلۆقەدراین، هاوەاڵنم مااڵ و سامانیان لەو پێناوەدا دانا، گۆشت و خوێنیان تێکەاڵ بەم خاک و خۆاڵە کرد، ئێوە خۆتان بە ئومەتی من دەزانن؟؟ بۆ کەسانێکی وەکو ئێوە تا ئایینتان پێبگات گۆڕی هاوەاڵنکانم لە پارچەکانی سەر زەوی پەرش و باڵاو بوونەتەوە، ئێوەن کە وامزانی لە دوای منداا ئەم ئایینە هەاڵدەگرن و دەیگەننە کەسانی تر، چۆن لە بارەگای پەروەردگار شەفاعەتتان بۆ بکەم کە ئێوە بەم شێوەیەن؟؟ چۆن لە ڕۆژی دوایی لە حەوزی (کەوسەر) ئاوتان پێ بدەم کاتێک کە ڕێباز و سونەتی منتان وازلێهێناوە و بەجێتان هێشتووە.

پێشەوا (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) جارێک بەڕێگادا دەڕۆیشت و لەپێشییەوە ئافرەتێک حیجابەکەی با هەڵدایەوە پاژنەی دەرکەوت پێشەوا بینی بۆیە بەجلەکانی دەم و چاوی داپۆشی و بەتوڕییەوە ووتی (ئەمە سەردەمی فیتنەیە) ئەی ئەگەر لەم سەردەمە دا بویتایە چیت ئەوت ئەی پێشەوا؟

کەواتە ڕێکو پێکبونی حیجابی ئافرەت تێرو تەواو بوونی شەرمێتی ئەگەر ئافرەتانیش بەشەرم بوون، کۆمەڵگە ڕێکوپێک دەبێت ئیمان تەواو دەبێت. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(الحياء والإيمان قرنا جميعا اذا رفع احدهما رفعَ الاخر)[1].واتە: (شەرم و باوەڕ پێکەوە جووتین کەیەکیان نەما ئەوی تریشیان نامێنێت) .

وریابە خوشکی ئازیزم، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(صنفان مِن أهل النار لم اراهما قوم معهم كأذناب البقرة يضربون بها الناس،ونساء كاسيات عاريات مميلات مائيلات رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة لايدخل الجنة ويجدن ريحها وان ريحها بيوجد من مسيرة كذا وكذا)[2].

واتە: دووکۆمەڵ لەئاگردان من نەم بینیون کۆمەڵێکیان قامچیان پێیە و وەک کلکی مانگا وایەو لەخەڵکی پێدەدەن. وە

١ (رواه البخاري في الأدب المفرد باب الحياء رقم ١٣١٣ وأخرجه أبو نعيم في الحلية (٢٩٧/٤)، والحاكم (٧٣/١، رقم ٥٨) وقال: صحيح على شرطهما . والبيهقى فى شعب الإيمان (١٤٠/٦، رقم ٧٧٢٧) وأخرجه أيضًا: ابن أبي شيبة (١٦٥/٦، رقم ٣٠٣٧٢) موقوفًا وقال شيخ الألباني صحيح .

٢ (أخرجه مسلم (٨ / ١٥٥) و البيهقي (٢ / ٢٣٤) و أحمد (٢ / ٣٥٥ - ٣٥٦ و ٤٤٠)

ئافرەتانێک بەناو پۆشتەن بەڵام ڕووتن لەنجەوڵار دەکەن و سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشن، قژیان وەک کۆپەرەی حوشتر لێدەکەن ناچنە بەهەشتەوە و بۆنیشی ناکەن هەرچەندە بەهەشت لەدووری ئەوەندە و ئەوەندە ساڵ ڕێگەوە بۆنی دەکرێت.

بالاپۆشی تەنها شتێکی ڕواڵەت نییە بەڵکو پەیوەندی بە ناخو قوڵایی ویژدان و دەروونەوە هەیە، بالاپۆشی ڕەنگدانەوەی بیروبۆچونی ئافرەتە، نیشانەی پابەند بوونە بە فەرمان و گوێڕایەڵی پەروەردگارەوە، نیشانەی یەکڕەنگی ڕوحیەتی، ئافرەتی بڕوادار کاریگەری هەیە لەسەر یەکگرتنی بڕواداران و یەکڕیزی خوشکان و یەک مەبەستی کۆمەڵگەی ئیسلامی، هەر لەبەر ئەم گارێگەرییە گرنگەبوو کە خاچ هەڵگرەکان پاش داننانیان بەشکستی خۆیاندا لەبەرامبەری موسوڵمانان، بڕیاریان دا شێوە پلانێکی دژوارتر دژی موسوڵمانان پەیڕەوبکەن ئەویش بەکار هێنانی ئافرەت بوو بەمەبەستی لێدانی ئاین و بەها مرۆییەکان و بڕەودان بە ئایدۆلۆژی مەبەستەکانی خۆیان، هەموو هۆکارێکیان دەستەبەر کرد لەپێناو پراکتیزەکردنی ئەم دەستەواژە ترسناکە کەدەڵێت: (پییاڵەیەک بادە و ئافرەتێکی لەش فرۆش لەدەیان تۆپ و هاوەن باشترە بۆ داماڵینی دین لەمرۆڤ) تا ئێستاش ئەم دەستەواژەیە بەکارە و پەیڕە و دەکرێت کە، تیایدا ئافرەت بەجەستەی مادی و مەعنەوییەوە بۆتە قوربانی لەم پێناوەدا.

ئیستا بەهای بالاپۆشیمان زانی .... زانیمان چەندە پێویستیمان پێیەتی ... ئەی ئەو رێگرانە چین لەبەردەم بالاپۆشی ئافرەتانماندا؟

ڕێگریەکانی بەردەم بااڵبۆشی ئافرەتانمان کۆمەڵێك کۆسپ و گومان

ئەو خوشکانەی کە سفورن و حیجاب ناکەن، هۆکاری نەکردنی حیجاب دەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵێک بڕوا بیان و کۆسپ و تەگەر، بۆیە ئێمەش لێرەدا وەاڵمی ئەو بڕوبیانو کۆسپ و تەگەرانە دەدەینەوە، بۆ ئەوەی خوشکان هیچ ڕێگرییەکیان نەمێنی لە پۆشینی حیجاب.

کۆسپی یەکەم / خوشکی واهەیە دەڵێت: من باوەڕم بە حیجاب نییە.. لەوەاڵمدا پێی دەڵێین تۆ کێیت و دینت چییە؟ لەوەاڵمدا دەڵێت مسوڵمانم.... ئەی مانای موسڵمان بوون چی یە؟ موسوڵمان بوون مانای گوێڕایەڵ بوونی تەواوی پەروەدگارە، چونکە ناگونجێ من بەناو موسڵمانبم و گوێڕایەڵی تەواوی خوای گەورە نەبم خوای گەورە دەفەرموێت:

{وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ} [الأحزاب ﴿٣٦﴾]

واتـه: (بـۆ هیـچ پیـاو و ئافرەتێکـی ئیمانـدار دروسـت نییـه کاتێـک خـواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بڕیاری شـتێک بدەن ئەوان سـەرپشـکبن لـه ئەنجامدانی) باوەڕ نەکردن به هەندێک لەئایەتەکانی (کفر)ـه چۆن دەبێت باوەڕت بـه هەندێک لـه ئایەتەکانـی خـوای گـەورە هەبێت و کاری پێبکەیت و هەندێکیش لـەو ئایەتانـه پشت گوێ بخەیت خوای گـەورە بالاپۆشـی (حیجـاب) ی فـەرز کردووە کەواتـه هیـچ ڕێگەیەکی ترت نیـه دوای ئـەو فەرمانانـەی خـوای گـەورە .

کۆسـپی دووەم/ خوشـکی وا هەیـه دەڵێـت بـڕوای تـەواوم بـه (حیجـاب) بالاپۆشـی هەیـه بـەڵام دایکـم ڕێگرمـه گـەر بەقسـەی نەکـەم دەچمـه دۆزەخـەوە!! وەڵامـی ئـەم خوشـکەمان بەفەرموودەیەکـی پێغەمبـەر ﷺ دەدەینـەوە کەدەفەرموێـت: (لاطاعـة المخلـوق في معصيـة اللـه عـز وجـل)[1].

واتە((گوێڕایەڵـی نیـه بـۆ فەرمانـی هیـچ کەسـێک کـه سـەرپێچی خـوای گـەورەی تێـدا بێـت)) هەرچەنـدە جێـی دایـک و بـاوک بەتایبـەت دایک زۆر بـەرزو پیـرۆزە بەڵکـو خـوای گـەورە لەگـەڵ پەرسـتن و یەکتـا پەرسـتی باسـیکردوون لـه چـەند ئایەتێکدا وەک دەفەرموێـت:

{ وَاعْبُـدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُـوا بِـهِ شَيْـًٔا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَـانًا } [النساء:٣٦]

واتـه: (خـوا بپەرسـتن وە هیـچ جـۆرە شـەریک و هاوەڵێکـی بـۆ بڕیـار مـەدەن وە لەگـەڵ دایک و باوکتـان چـاک بـن و ئازاریـان مـەدەن و دڵیـان ڕابگـرن) گـوێ ڕایەڵـی دایـک و بـاوک پێویسـتە مەگـەر لەشـتێکدا پێچەوانـەی خـواو پێغەمبەرەکـەی بێت ﷺ

(١)) أحمد و الحاكم وقال شيخ الألباني (صحيح)

وەک خوا گیان (ﷻ) دەفەرموێت:

{ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا} [لقمان ﷺ]

واتە: (ئەگەر دایک و باوکتان (خوانەناس بوون) هەوڵ و کۆششیان کرد شتێک بکەی بە هاوەڵم کەخۆت هیچی لێنازانی فەرمانیان بەجێ مەهێنە) وەگوێڕایەڵی نەکردنیان ڕێناگرێت لەچاکەکردن لەگەڵیاندا، ئێنجا چۆن گوێڕایەڵی دایکت دەکەیت و فەرمانی خوای گەورە دەشکێنیت کە تۆش و دایکت دروستکراوی خوان بەڵام ئەمجۆرە کەسانەش لە ئافرەتان لە کەمی زانیاریانە یاخود لەبەر نەشارەزایی و بێ ئاگاییانە لە یاسای ئیسلام بۆیە ئەمجۆرە بیانوانە دێننەوە .

کۆسپی سێیەم / خوشکی وا هەیە دەڵێت: حەزم لەبالاپۆشی هەیە بەڵام توانای مادیی وام نییە کەجل و بەرگەکانم بگۆڕم یان (حیجاب) ی پێبکرم لێرەدا دوو جۆر لە خوشکان هەن کە ئەو جۆرە پاساوانە دێننەوە:

یەکەمیان: ڕاستگۆ و دڵسۆزە بۆیە بەو جۆرە خوشکە دەڵێین: ئایا دەزانی ئافرەتی بڕوادار نابێ لەماڵەوە دەرچێ مەگەر بەمەرجی پێویستی بوون نەبێ؟ پۆشاکەکەشی دەبێ لەگەڵ ئەو مەرجانە بگونجێ کەشەرع بۆی داناوە، وە لەپێناو ڕەزامەندی خواو چوونە بەهەشت هەموو شتێکی قورس و گران بەها ئاسان دەبێت بۆت ئەگەر هەوڵی بۆ بدەیت، بەڵام جۆری..

دووەمیان: ڕاستگۆ نییە تەنها نیازی پاساو هێنانەوەیە و ئەیەوێ بالاپۆشێکی گران بەهاو سەرنج ڕاکێشی دەست کەوێت کە زیاتر بەرچاو بێت بێ ئەوەی بیر بکاتەوە لەوەی کە بالا پۆش (حیجاب) مەرج و نیشانەی خۆی هەیە کە دەبێت بەرگی شەرم و حەیابێت نەک خۆ دەرخستن .

کۆسپی چوارەم/ خوشکی وا هەیە دەڵێت: دنیا گەرمە و منیش بە گەرما نارەحەت دەبم جا ئەگەر بالاپۆشی بکەم ئەوەندەی تر گەرمام دەبێت.

بۆ وەڵامی ئەم خوشکە و هاوڕێنەکانی دەڵێین گوێ بگرن و بزانن خوای گەورە چی دەفەرموێت: { قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا لَّوْ كَانُوا يَفْقَهُونَ } [التوبة ﴿٨١﴾]

واتە: (ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر بفامن و هۆش بەکار بێنن ئاگری دۆزەخ گەرمترو بەتاو تەرە، کەسێک بەرگەی گەرمای دونیا نەگرێ چۆن بەرگەی ئاگری ڕۆژی جەزا ئەگرێ) خوشکی ئازیزم چۆن بەراوردی گەرمی دونیا و دواڕۆژ دەکەیت، وە بزانە ئەوە شەیتانە ڕاوی کردووی چونکە ئەو دەیەوێت لەگەرمای دونیا دەرت بکات بۆ گەرمای دۆزەخ جا ئازابە و خۆت ڕزگار بکە با گەرمی دونیا ببێتە یاد کەرەوەیەک بۆت بۆ گەرمی دۆزەخ، ئەو گەرمییەی کە چەندەها گەرمی دنیایە، جا هەوڵ بدە خۆت دوورخەیتەوە لێی ئەوەتا خوای گەورە دەربارەی ئەهلی دۆزەخ دەفەرموێت:

{ لَّا يَذُوقُونَ فِيهَا بَرْدًا وَلَا شَرَابًا ﴿٢٤﴾ إِلَّا حَمِيمًا وَغَسَّاقًا } [النبأ ﴿٢٤-٢٥﴾]

واتە: (لەناو دۆزەخدا ناچێژن فێنکاییەک یا خواردنەوەیەکی بەتام جگە لە ئاوی لەکوڵ و کێم و زوخاو نەبێت) کەواتە پێویستە تۆ هەندێک ماندوو بیت چونکە ئاگادار بە بەهەشت بەناخۆشی و ناڕەحەتی دەوری گیراوە و دۆزەخیش بەئارەزووات ڕازاوەتەوە، ئەم دنیایە بەندینخانەی باوەڕدارانە و بەهەشتی کافر و بێ باوەڕانە جا بۆیە لێرە حیجاب کردن لەسەرت قورسە بەڵام لەدوا ڕۆژدا پاداشتت گەورەیە.

ووتەیەکی زۆرجوان هەیە کە دەڵێت: ((هەرکەسێک سەرەتاکەی بە قوربانیدان دەست پێ بکات، کۆتاییەکەی پرشنگدار دەبێت))، بە دڵنیاییەوە گەر تۆش لەم پێنج و دوو ڕۆژەی دنیا ئارام بگریت لەسەر ئازار و ناڕەحەتییەکان قیامەتت پرشنگدار دەبێت، زۆر چاک بزانە خوشکی بەڕێزم کاڵای بەهەشت گرانە، هەرکەس بیەوێ ناوکی دەست بکەوێت دەبێ تۆکڵی دەوری بشکێنێ.

کۆسپی پێنجەم / خوشکی وا هەیە دەڵێت: ئەگەر ئێستا بااڵ پۆشبم دەترسم بەیانی وازبێنم چونکە خوشکانێکی وام بینیون کە بااڵ پۆشبوون و وازیان لێهێناوە، لە وەڵامی ئەو خوشکە و هاوشێوەکانی دا دەڵێین: ئەو جۆرە بیرکردنەوانە پێیان دەڵێن وەپێشکەوتنی ڕووداو چونکە ئەگەر هەموو کەسێک وابیر بکاتەوە ئەوا لەوانەیە ئێستا مسوڵمانان وازیان لە نوێژو ڕۆژوو و فەرمایشتەکانی تر بهێنایە چونکە کە سانێک نوێژ دەکەن و وازی لێدێنن، کەسانێکیش هەن کە وازیان لە ڕۆژوو و زەکات هێناوە، جا بزانە خوشکی بەڕێز ئەوە شەیتانە وات لێدەکات

وابیربکەیتەوە بەو بۆ چوونە لاواز و پوچانە، ئەمەش داوێکە و تەڵەیەکە لە تەڵەکانی شەیتان بۆ ئەو کەسانەی دەڕازێنێتەوە تاکو ببن بە نێچیر، ئەگینا ئەو هەموو خەیاڵانە بۆچی؟ بەڵام ئاگادارببە و بزانە خوای گەورە کارێکی پێخۆشە بەردەوامبێت هەروەک پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(أَحَبُّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ تعالى أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ)[1].

واتە: (باشترین کارێک کەخوا پێی خۆشبێ ئەوەیە کە هەر کارێکت کرد بەردەوام بێت لەسەری با کەمیش بێت) ئینجا باشە بۆ چی لەو کەسانە ناکۆڵێتەوە کە وازیان لە بالاپۆشی هێناوە تاببێت بەپەند و ئاموژگاری بۆتۆ تا هەوڵبدەیت بەسەر ئەو هەڵانەدا نەچیتەوە و هەڵەی ئەوان نەکەیتەوە، ئەوەتا تۆش ڕەخنە دەگریت لێیان، ئەی بۆ هەوڵنادەیت بەسەر ئەو هەموو هۆکارانە کە دەبنە هۆی دامەزراندنت لەسەر بالاپۆشی و ئایینت وەجێبەجێی ناکەیت، وە هەندێک لەو هۆکارانەی کەدەبنە هۆی دامەزراویت لەسەر ئایین و بالاپۆشی دوعا زۆر کردنە کەدڵت جێگیر بکات لەسەر ئایین وە نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا بکە، بەزەلیلی داوای کۆمەک لەخوای گەورە بکە بۆ خۆڕاگری و ئارام گرتن، گەر دەست بگری بەهۆکاری هیدایەت وەرگرتن و دامەزراوی و تامی باوەڕداریتیت چەشت.ئەوا هەرگیز فەرمانی خوای گەورەت لەبیر ناچێت و وازی لێناهێنیت. کارێکی تر کە زۆر گرنگە ئەویش تێکەڵبوونە بەخوشکانی موسوڵمان بەژداری کردنتە لەخۆشی و ناخۆشییەکانیاندا .

(١)) بخاري (٦٤٦٤) ومسلم(٧٨٢)

کۆسپی شەشەم/ خوشکی وا هەیە دەڵێت: ئەگەر بالاپۆش بم کەس نایاتە خوازبێنیم بۆیە بڕیارم داوە دوای هاوسەرگیری بالاپۆش بم....!

لەوەڵامدا بەو خوشکە دەڵێین: ئەو پیاوەی تۆی بە جل و بەرگی ناشەرعی گەرەکە ستەمە تۆ ببێتە هاوسەری هەر شایەنی ئەوەش نییە بێتە خوازبێنیت. کەسێک فەرمانی خوا جێبەجێ نەکات شیاوی تۆی بەخەشم و حەیاو خاوەن باوەڕ نییە چونکە پیاوی نەفام و بێ باوەڕ هیچ جوامێرێکی تێدا نییە بەرامبەر بە حەرامکراوەکانی خودا، وە هیچ یارمەتیدەرت نابێ بۆ هەنگاونانت بەرەو ڕەزامەندی خواو ڕۆشتن بەرەو بەهەشت و دوور کەوتنەوە لە دۆزەخ، هەر مالێکیش بنچینە و بناغەی لەسەر شکاندنی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بێت ئەوا تەلەم دنیا خۆش دەگوزەرێت وە نە لەڕۆژی دوایی خوای گەورە دەفەرموێت: { وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَىٰ } [طه ﷺ]

واتە: (ئەوەی ڕوی وەربگێڕێت لەبەرنامە و یادی من پشتی تێ بکات بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی تەرش و تاڵ و ناخۆش هەیە و لەڕۆژی دواییدا بە کوێری حەشری دەکەین) دەبێ باشیش بزانین هاوسەرگیری بەهرەیەکی خواییە و شوکردن بەقەدەری خوایە باوەڕ بەقەدەرێش لەبنچینەکانی ئیمانە، شووی باش و پیاوی باش یەکێکە لەنیعمەت و بەخششەکانی خوای میهرەبان، خوا بەهەرکەس بیەوێ پێی دەبەخشێ بەجل و بەرگ نییە چەندین ئافرەتی

بالاپۆش گەیشتن بەهاوسەری خۆیان وەچەندین ئافرەتی سفوریش پرچی سپییان هۆنییەوە، خوای گەورە ئەگەر بڕیاری هاوسەرگیری بۆ دابیت بۆی نووسیوی کە، لەگەڵ کێدا، وە لە کەیدا، وە لە کوێدا هاوسەر گیری دەکەیت، بەڵام ئەگەر بۆشی نەنووسی بی، بە جل و بەرگی سفوربیەوە بە نسیبت نابێت، وە خوای گەورە بەرەکەت ناخاتە هاوسەرگیرییەکەوە کەبەشکاندنی فەرمانەکانی بێت .

کۆسپی حەوتەم/ خۆشکی واهەیە زۆر بە نەزانانە پاساو دێنێتەوە یان بەچاکی تێنەگەیشتووە ئەویش ئەوەیە دەڵێت: خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت: { وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ } [الضحى ﴿١١﴾]

واتە: (باسی ئەو نیعمەتانە خوایش بکە کە پێتی داون) کەباشترین جۆری ئەونیعمەتانەی خودا بەکردەوە ئەوەیە بەشی هەژاران و دەست.کورتانی لێ بدەیت، جا ئەو خوشکەش دەڵێت: جوانی ئافرەتیش نیعمەتێکی خواییە بۆیە دەرخستنی ئەو نیعمەتە پەیرەو کردنی ئایەتێکی قورئانە، ئەم جوانیەم ناشارمەوە .

لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم خوشکەمان گوێرایەڵی خوایە بە بۆچوونی خۆی، بەو جۆرە قورئان ڕاڤە دەکات کە چۆن لەگەڵ ئارەزووەکانیدا بگونجێت دەیگونجێنێت هەر وەک خۆی پێی باشە، ئەی نازانی خوای گەورە دەفەرموێت:

{ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ } [النور ﴿٣١﴾]

واتە: (جوانی و لەشی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کەدیارە) (مەبەست دەست و دەموچاو)دەستیش تەنها مەچەک جا خوشکی خۆم بەو ووتەیەت رێبازێکت بۆخۆت داناوە کە سفوریە ئەوەش پێچەوانەی فەرمانی خوایە هۆکارەکەشی نەناسینی خواو شەریعەتەکەیەتی، جا گەورەترین نیعمەت کە موسوڵمان شانازی پێوەبکات ئیمانەکەیەتی، کەواتە بۆ ئەوە دەرناخەیت و شانازی پێوەناکەیت (مەبەست لەباوەڕبوون پابەندبون بەدینی خواوە) بێگومان بالاپۆشی بەشێکە لەو نیعمەتە کە فەرمانێکە وەکو فەرمانەکانی تر، وەکو بەندایەتیەکانی تر، ئایا هیچ بەهرەیەک هەیە گەورەتر لە بالا پۆشی کەشانازی پێوەبکەیت کەنیشانەی باوەڕتە .

کۆسپی هەشتەم / خوشکی واهەیە دەڵێت: من ئەزانم بالاپۆشی فەرزە، بەڵام خوای گەورە هیدایەتی نەداوم، کاتێک دەیپۆشیم کە خوا هیدایەتم بدات !!

لەوەڵامی ئەوخوشکەماندا دەڵێین: ئایا ئەو هەنگاوانە چین بۆ ئەو هیدایەتەی چاوەڕوانی دەکەیت؟ چونکە ئێمە دەزانین کە خوای پەروەدگار بۆ هەر شتێک هۆکارێکی داناوە. بۆ نمونە نەخۆش سەردانی پزیشک دەکات بۆ ئەوەی دەرمانی بۆ بنوسێت و بیخوات تا خوای گەورە شیفای بدات، هەروەها قوتابی سەعی دەکات و هەوڵدەدات بۆئەوەی سەرکەوتووبێت لەدەرسەکانی، بەڵام ئایا ئەی تۆ چ رێگایەکت گرتۆتە بەر بۆ ئەو هیدایەتەی کەچاوەڕێی دەکەیت؟ ئایا هیچ کاتێک تۆ دوعای بەکوڵت کردووە؟ یان بۆ جارێک لەجاران لەگەڵ

ئافرەتی خاوەن باوەڕدا دانیشتوویت و گوێت بۆ شل کردبێت، خوای گەورەدەفەرموێت: {إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ} [الرعد ﴿١١﴾]

واتە: (خوای گەورە گۆڕان لەهیچ کۆمەڵگایەکدا ناکات تا خۆیان خۆیان نەگۆڕن) دڵنیابە خوا ڕێنمونی تۆ ناکات بۆ باڵاپۆشی تاتۆ لە ناخەوە بڕیاری گۆڕانکاری نەدەیت، ڕاستە هیدایەت لەلایەن خوای گەورەوەیە، بەڵام تامردن دانیشیت و تەمەنا بکەیت نایەتە دی بێ هەوڵ و کۆشش کردن وەک حەسەنی بصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

(ليس الأيمان بالتمنى ولا بالتحلى ولكنة شيء وَقَر في القلب وصدقه العمل)

واتە: (باوەڕ بەتەمەناکردن و خۆڕازاندنەوە نییە بەڵکو باوەڕ شتێکە لە دڵدا جێگیر دەبێت کرَدەوەش تەصدیقی دەکات) جا لەبەر ئەوە مەڵێ خوای گەورە هیدایەتێ نەداوم چونکە ڕێگای پیشانداوی بەخوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە یان بەگوێ گرتن لە ووتارێکی ئاینی خوای گەورە دەفەرموێت: {وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَىٰ عَلَى الْهُدَىٰ} [فصلت ﴿١٧﴾]

واتە: ((ڕێنمونی گەلی سەمودمان کرد بۆ چاکە بەڵام ئەوان ڕێگە خراپەکەیان پێ خۆش بوو هەڵیان بژارد)) ئایا واهەست ناکەی ئەم ئایەتە گفتوگۆ لەگەڵ تۆدا دەکات؟ خوای گەورە کەسی فەرامۆش نەکردووە ڕێگەی پیشانی هەموان داوە، کەواتە مەڵێ خوای گەورە هیدایەتی نەداوم .

کۆسپی نۆیەم/ خوشکی واهەیە دەڵێت: جاری بچوکم و گەنجم هێشتا کات ماوە بۆیە کە، گەورە بووم یان حەجم کرد ئەو کاتە پۆشاکی شەرعی لەبەردەکەم .

لەوەڵامدا پێی دەڵێین: خوشکم بزانە فریشتەی ڕوح کێشان میوانە و لەبەر دەرگا وەستاوە و چاوەڕوانی خوایە فەرمان دەربکات بەگیان کێشانت چاوەڕێی جەنابت ناکات تا کارەکانت تەواو بکەیت خوای گەورە دەفەرموێت:

{فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ} [الأعراف ﴿٣٤﴾]

واتە: ((ئەگەر کاتی مردنیان هات نەتاوێک پێش دەکەوێ نەتاوێ دوادەکەوێ))، پێشینانیش دەڵێن ((شوان تا دانیشێت مەڕەکەی دوورەدەکەوێتەوە)) خوشکی بەڕێزم گوێ بۆ ئەم بەسەرهاتە بگرە... پیاوێک دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: خێزانەکەم سوپاس بۆ خوا بالاپۆشە کچێکی دراوسێمان هەبوو لەتەمەندا منداڵ بوو، ئەم کچە هەر چەندە جلەکانی لەحیجابی ئیسلامییەوە زۆر دوورببوو بەڵام لەگەڵ خێزانمدا پەیوەندییان زۆر باش بوو کە، ئەمەش واجبی هەموو خوشکانی بالاپۆشە تاخەڵکی سودبیان لێ وەرگرن ...دەڵێت ڕۆژێک ئەم کچە داوای لەخێزانم کرد لەگەڵی بچێت بۆ بازاڕ تا کابۆیەک بکڕێت خێزانم بەزیرەکی و وریای خۆی زانی بوو بەو مەرجەی کەلەپێشدا بچن بۆ گوێگرتنی وتارێکی ئایینی ئەویش زانی بوو چوون بۆ گوێگرتنی ووتارەکە، بابەتی ووتارەکە لەسەر پەشیمانی و گەڕانەوەبوو بۆلای خوای گەورە کچەکە بە وتارەکە زۆر کاریگەر بوو لەکۆتاییدا، کە، ووتارەکە تەواو بوو

زۆر گریا تاکە ووشەی ئەوەبوو دەیووت (خوایە گەرامەوە بۆ لای تۆ حیجابم لەبەر بکەن) پێیان ووت ئارامبە دەچینەوە بۆ مالّەوە و ئەو کات حیجاب لەبەرکە، بەڵام پازی نەبوو بەڵکو سور بوو لەسەر ئەوەی کە حیجابی بۆ بێنن بۆ ئەو شوێنەی کە لێی دانیشتبوو، حیجابیان بۆ هێناو لەبەری کرد، پاشان هەستا تا بڕوا، هەر لەگەڵ دەرچوونی لەو شوێنە سەیارەیەک لێیداو مرد، ماشاء اللە لەو عاقیبەت خێرییە، کەواتە هەرگیز مەڵێ هێشتا تەمەنم کەمە هەر وەک ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەشعرێکدا دەفەرموێت:

ئەی سەرقاڵ بەدونیاوە

تەفرە دراو بەهیواوە

مەرگ دڵۆپەی لەناکاوە

چیت بۆگۆڕ ئەنجام داوە

کۆسپی دەیەم/ خوشکی وا هەیە پاساوی ئەوە دێنێتەوە دەڵێت من حەز دەکەم بالاپۆشی بکەم بەڵام دەترسم لەکاتی دامەزراندندا لەسەر کار دام نەمەزرێنن وەیان ئەگەر لەسەر کاربووم دوورم خەنەوە یان مامەڵەی باشم لەگەڵ نەکەن وە خۆم و مـاڵ و منالـم نـان بـڕاو دەبین .

لەوەڵامدا دەڵێین:خوشکی ئازیزم وادەزانی ڕزق و ڕۆزی لەدەستی مرۆڤدایە، ئایا نازانی خوای گەورە ڕزق و ڕۆزی دەری

تۆبە وەک دەفەرموویت: { نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ } [الأنعام ﴿١٥١﴾]

واتە: (ئێمە رزقی ئێوە و ئەوانیش دەدەین) کەواتە ئەگەر دەترسیت لەوەی نانبڕاوبیت یان دەڵێی لەبەر منداڵەکانت ئەوا ئەو رزقەی دیاری کراوە بۆت لەلایەن خواوە کەس ناتوانێت ڕێگری بکات لەوەی بەدەستت بگات یان بۆت زیادبکات لەبەر پۆشینی حیجاب...

وە خوای گەورە دەفەرموویت:

{ وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ } [يونس ﴿١٠٧﴾]

((ئەی ئینسا ئەگەر خوا تووشی ناخۆشی و زیانێکت بکات، ئەوە هیچ کەس ناتوانێت فریات کەوێت و لەسەرت لابەرێت جگە لەو زاتە، یاخود ئەگەر بیەوێت تۆشی خێر و خۆشییەکت بکات، ئەوا هیچ گەس ناتوانێت بەری فەزل و بەخششی خوا بگرێت، هەر کام کە بییەوێت لە بەندەکانی بەهرەوەر دەکات لە نازونیعمەتی بێ شومار، ئەو زاتە هەمیشە لێخۆشبوو میهرەبانە)) هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویت:

{ قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ} [التوبة ﴿٥١﴾]

واتە: ((ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆش بڵێ هەرگیز لەوە زیاترمان بۆ پێش نایەت جگە لەوەی کە، خوا بۆی نووسیوین

(هەرچیش بۆمان پێش دیت هەر خێرە بۆمان)، ئەو زاتە هەمیشە یار و پشتیوانمانە دەبا ئیمانداران هەر پشت بەو زاتە ببەستن)) وەژیانی دونیایەک وەک کاک ناسری سوبحانی دەڵێت کە ئەگەر هیچ کەموو کوڕی تیانەبێ دووکەموکوڕی چارەنەویستی تێدایە:

یەکەمیان/ مرۆڤ ناگاتە حاڵەتێک کەبڵێت: ئۆخەیش هەرچیم ویست دەستم کەوت .

دووەمیان/ ئەو بەشەی کەدەستت کەوتووە دڵنیا نیت لەوەی کەتا کۆتایی ژیان لەدەستت دادەمێنێتەوە، جا کەوایە لە خوا بترسێ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت { لَّهُمْ فِيهَا مَا يَشَاءُونَ خَالِدِينَ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ وَعْدًا مَّسْئُولًا } [الفرقان١٦]

واتە: (لەو بەهەشتە دا هەرچی داوابکەن بۆیان دەستەبەر کراوە هاورێی لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا ئەویش بەڵێنێکە لەلایەن پەروەردگارتەوە خۆی بەرپرسیار کردووە) .

کۆسپی یانزەیەم/ خوشکی واهیە دەڵێت: ئەگەر پۆشاکی شەرعی بپۆشم دەترسم پەنجەی حیزبیم بۆ ڕابکێشن منیش ڕقم لەحیزبایەتییە

لەوەڵامدا دەڵێین: خوای گەورە دەفەرموێت:

{ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ } [الأحزاب ٣٧]

واتە: (لەخەڵک دەترسن کەچی خوا ڕەوا تۆ لێی بترسن)

فەرمانەکانی خوا هیچ پەیوەندییەکی نییە بە حیزب و کۆمەڵ و لایەنێکی دیاری کراو، بالاپۆشی فەرمانی خواییە نەک حیزب، بیر بکەرەوە خوشکی بەڕێزم ئەو پێغەمبەرەی ﷺ کە ڕەحمەتێک بوو بۆ گشت جیهان، پێش ئەوەی ببێت بە پێغەمبەر، نازناوی (صادِقُ الأمِین) واتە:(ڕاستگۆ و دەست پاک) یان لێ نابوو هەتا بێباوەڕەکان و بت پەرستەکان ئەمانەتیان لەلا دادەنا، بەڵام کاتێ بووە پێغەمبەر ﷺ و بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد پێیان دەوت محمەد ﷺ شێت بووە و سیحری لێکراوە نزیک ترین کەسیان کە (أبولهب) ی مامی بوو لەهەموویان خراپتر بوو، بەڵام پێغەمبەر ﷺ چونکە بانگەوازەکەی حەق بوو گوێی بەو تانەو تەشەرانە نەدا، هەتا دەیفەرموو:(یان لەپێناو ئەم دینە تیادەچم یان خوای گەورە سەرم دەخات) دیارە کەخوای گەورەش سەری خست، ئەوەتا ئەمڕۆ ئەم دینە گەیشتووە بەئێمە وەزیاتریش ئەڕۆا و هەر لە بڵاوبوونەوەدایە، ئینجا بۆیە خوشکی موسڵمانم تۆش ژیان و هەڵوێست و جوامێری و مەردایەتی پێغەمبەر ﷺ بکە بەشورایەک بۆ وەڵامی ئەو کەسانەی تانە و تەشەرت لێدەدەن .

کۆسپی دوانزەیەم/ خوشکی وا هەیە دەڵێت: بالاپۆشی وا دەبینم فلان شت و فلان شتی خراپ و نەشیاو و بەدڕەوشتی دەکەن بۆیە بالاپۆشی ناکەم.

لەوەڵامدا دەڵێین: ئەو ئافرەتانەی تۆ بینیوتە کاری خراپەکارییان کردووە یان سوالکەری دەکەن ئەوانە بەپارەیەکی کەم و

شت و مەکی بێنرخ بەکرێگیراون بۆ ناشرین کردنی بالاپۆشی، ئەو کەسانەی ئەو کارانە دەکەن هەر بۆ خۆیان سوک و ڕسوا دەبن کوردوتەنی (دەریا بەدەمی سەگ پیس نابێت)، یان خۆ زۆر کەس نوێژدەکەن و کاری خراپیش دەکەن، ئایا بەخراپەی ئەوان نوێژکردن خراپ دەبێت، یان زۆر کەس دەچن بۆ حەج و لە ژێر پەردەی حەجدا کاری خراپ دەکەن، کەواتە ئێمە حەج نەکەین؟ بەو کارەی ئەوان حەج کردن خراپ دەبێت، یان ئەوان خراپ دەبن، ئایا حیجاب پۆشین خراپە یان ئەوکەسەی حیجاب لەبەر دەکات و کاری خراپیش دەکات؟ جا لەبەرئەوە خوشکی ئازیزم خۆت مەکە بەقوربانی لەبەر خراپەی خەڵکی چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:

{ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ } [فاطر ﴿١٨﴾]

واتە: (کەس خراپەی کەس هەڵناگرێت) .

کۆسپی سیانزەیەم/ خوشکی واهەیەدەڵێت (حیجاب گرنگ نیە) گرنگ ئەوەیە مرۆڤ (دڵی) پاک بێت منیش دڵم پاکە و دڵیش مەرجە، من نوێژ ئەکەم و شەو نوێژو نوێژە سونەتەکانیش بەجێدەهێنم و لەڕێی خوا شدا دەبەخشم .

لەوەڵامدا دەڵێین:

دەی تۆش لەڕوژی دواییدا بەخوای گەورە بڵێ من زۆربەی پەرستشەکانم جێبەجێکردووە و ئەمەش بەسە بەڵام حیجابم نەکرد لەبەر ئەوەی دڵم پاک بوو خوای گەورەش دەفەرموێت:

{ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ } [البقرة ﴿٨٥﴾]

واتە: (ئایا بڕوا بەهەندێک لەقورئان دێنن و بڕوا بەهەندێکی تر ناهێنن)، با پێکەوە لەشتێک بکۆڵینەوە، تۆ زۆربەی پەرستشەکان بەجێ دەهێنیت بەدڵێکی پاکەوە و پاداشتێکی زۆربەدەس دەهێنی، پاشان بەدانەپۆشراوی دەچیتە دەرەوە، هەر پیاوێک بۆت بڕوانێت تاوانت بۆ دەنووسرێت لەبەرئەوەی فەرمانی خوات بەجێ نەهێناوە، لەوەیە بڵێیت ئەوە کێشەی پیاوە ئەو تەماشا دەکات، ئەویش تا تەماشا بکات تاوانی بۆ دەنووسرێت، بەڵام بۆ تۆ بەدوو هێندەی ئەو بۆت دەنوسرێت، چونکە تۆ بوویتە هۆکار، بزانە کاتێک دەچیت بۆ قوتابخانە یان بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆیت یان لەناو پاسدایت یان دەچیت بۆ سەیران هەروا بژمێرە ڕۆژی چەند تاوان کۆدەکەیتەوە لەهەزار زیاتر ئایا ئێستا چاکەکانت بەش دەکات؟ یان زیاد دەبێت؟ من وادەزانم وەک ئەوە وایە کیسەیەکت پێبێت لەژێرەوە درابێت هەرکاتێک لەسەرەوە چاکەی تێدەکەیت لەژێرەوە دەکەوێتە خوارەوە بەواز هێنانت لەبالا پۆشی .

کۆسپی چواردەیەم/ خوشکی واهەیە دەڵێت: من نامەوێ حیجاب لەبەر کەم چونکە لەگەڵ مۆدێل ناگونجێت .

لەوەڵامدا دەڵێین: توگەورەیی ئەو خودایە مۆدێلت بەلاوە گرنگترە لەفەرمانی خوا؟ ئایا لەتەرازووی تۆدا مۆدێل سەنگینترە یان فەرمانی خوا؟ تا ئەو ڕادەیەی بەکەم سەیری فەرمانەکانی خوا دەکەیت و بەگەورەیی تەماشای مۆدێل دەکەیت، کام مۆدێل؟ ئەو مۆدێلەی کە لە ڕۆژئاواوە بۆمان

ئاودیو کراوە، لەو وولاتانەی کە بە حیساب دەڵێن پڕە لە ئازادی و بەختەوەری و حەسانەوە، دەبێت ئەو ئازادییە چۆن بێت؟ بەڵکو تەماشایەکی ئەو وولاتانە بکە کە دەڵێن ئازادی تێدایە ....

* لە وولاتی ئەمریکا ڕۆژانە هەزار و نۆ سەد کچ دەست درێژیان دەکرێتە سەر لە (٢٠٪)ی ئەوان لەلایەن باوکی خۆیانەوەیە .

* وە هەروەها لە ئەمریکا سالانە یەک ملیۆن منداڵ دەکوژرێت چ بە ڕێگەی لە باربردن بێت یان لە کاتی لە دایک بوونداً بێت .

* وە لە بەریتانیا سەد و حەفتا کچ سکی پڕ دەبێت لە هەموو هەفتەیەکدا .

چەندەها ئافرەت هەیە لە وولاتی ئەوان خۆزگە بە داپۆشینەکەی تۆ دەخوازن، تەنها تۆزێک بیر بکەرەوە کچێک پارچەیەک پەڕۆ دەبەستێت لەسەری گەورەترین دەوڵەت لەئەروپا پێی دێتە لەرزین؟! ئایا ئەو ڕوداوە تۆش ناهەژێنێ؟ تەنها یەک تۆز تێڕامێنە.

کچێک .... کچێکی بچوک بە حیجابەکەیەوە بەو پەڕی باوەڕ و متمانە بە خۆبوونەوە بەسەر شەقامەکانی لەندەندا ڕێدەکات، ئایا ئەم ڕوداوە پاڵت پێوە نانێت بۆ ڕاستکردنەوەی بە هەڵە تێگەیشتن لە حیجاب جارێکی تر بە دیدێکی نوێوە سەرنجی ژیانت بدەیتەوە، فەرمانەکانی خودا ڕوناکی بەدڵ و ڕوخسارت

دەبەخشێت بەڵام ئەو مۆدێلەی کە بەهۆیەوە فەرمانی خوات بەلاوە ناوە دەبێتە هۆی بێنرخی لەدنیاو خەسارەت مەندیت لەقیامەت دا .

کۆسپی پانزەیەم/ خوشکی وا هەیە دەڵێت: من ئەگەر بالا پۆشبم شەرم دەکەم بچمە ناو هاوڕێکانم .

لەوەڵامدا دەڵێین:خوشکی ئازیزم شەرم دەکەیت لەهاوڕێکانت بە بەجێ هێنانی فەرمانی خوا بەڵام شەرم لەخوا ناکەیت کاتێک بێ فەرمانی دەکەیت... ئەی باشە بۆ هاوڕێکانت شەرم لەخودا ناکەن؟ بۆ شەرم لەخواناکەن لەکاتێکدا بێفەرمانی خودا دەکەن ....بۆیە لۆمەی خەڵکی بەلاوەنێ کاتێک تۆ لە عیبادەتدای بۆ ئەوەی لەقیامەتدا خوای گەورە لۆمەت نەکات و سزات نەدا.

کۆسپی شانزەیەم/ خوشکی واهەیە دەڵێت: نامەوێ بالاپۆشبم چونکە پێم دەڵێن دواکەوتوی و کۆنەپەرستی.

لەوەڵامدا دەڵێین: ئەی خوشکی ئازیزم بەجێهێنانی فەرمانی خودا ئەگەر نەبووبێتە هۆکاری سەرکەوتن و پێشکەوتن ئەوا قەت نەبووە و ناشبێتە هۆی دواکەوتن....پاش ئەوەش ئەگەر ڕوتی ئافرەت مانای پێشکەوتن بێت ئەوا تەشبیە نەبێت بە تۆ ئاژەڵ لەهەموو کەس پێشکەوتووترە، چونکە ئاژەڵ ڕووتە بۆیە هەرگیز بەو بیانوانە خۆت هەڵمەخەڵەتێنە .

زیانەکانی سفوری ئافرەت و خۆپازاندنەوەیان لەناو نامەحرەم دا

یەکەم: لاواز بوونی شیرازەی خێزانداری و زیادبوونی گرفتی کۆمەلایەتی.

دووەم: ئاسەواری خراپی لەسەر گەنج و لاوان .

سێیەم: دیاردەی چینایەتی .

چوارەم: مەیلی پیاوی ژنخواز.

پێنجەم: گۆڕینی دیمەن و شێوەی واقعی و خۆگۆڕین لەبەرامبەردا.

شەشەم: زیانی لایەنی ئابووری.

زیانی لایەنێ ئابووریش کە هیچی کەمترنیە لەزیانەکانی تر جا ئەگەر هاوکێشەیەکی سادە بخەینە پێش چاو بەمەبەستی ڕادەی زیانی ئابووری زیادە خۆنواندنی ئافرەتان کە لەگەڵ چ ژمارەیەکی ترسناکدا ڕووبەڕو دەبینەوە، ئەگەر وادابنێین لەکوردستان تەنها (٥٠) هەزار ئافرەت بەزیادەڕەوی خۆی دەڕازێنێتەوەو داوو دەرمانی زیاد لەحەد بەکاردێنن، وە هەر یەکە (١٠)دۆلار لەخۆڕازاندنەوە و داوو دەرمانی سەرو سیماو دەست و پێدا خەرج دەکەن، دەزانن لەڕۆژدا و لەمانگدا و لەساڵدا دەگاتە چەند دۆلار؟

فەرموو سەیرێکی ئەم هاوکێشە زۆرسادە بەڵام ترسناکە بکە، پاشان ویژدانی خۆت بکە دادوەر و بڕیاربدە چ دەمێنێتەوە بۆ ئەو هەموو زیادە خەرجی و مآڵ فەوتاندنە؟

بەلایەنی کەمی خەرجی زیادەڕەوی خۆڕازاندنەوەی (٥٠) هەزار ئافرەت لەیەک مانگدا ئەگەر تەنها (١٠) دۆلاریش بێت بۆ هەرئافرەتێک، دەکاتە (٥٠٠) هەزار دۆلار بۆ (٥٠)هەزار کەسەکە لەمانگێکدا، وە لەساڵدا دەکاتە(٦)ملیۆن دۆلار، ئەی ئەگەر حەقی پرچ و قژ لول کردن و سەر گفکردن و کرێی ساڵۆنەکان بخەینە سەری دەبێت چ ژمارەیەک بێتە دەستمان؟

ئەگەر بۆ ئەو(٥٠)هەزار ئافرەتە تەنها لەمانگێکدا (٥) دۆلار دابنێین بەزیادە خەرج بۆ ئەو بوارانە، بۆمان دەردەکەوێت کە لەڕاپەڕینەوە تابەروارێ نووسینی ئەم نامیلکەیە واتا بۆ (٢٩) ساڵ، ئەوا(٢٦١) ملیۆن دۆلار خەرج کراوە..

چەندین کاری تری پرسودمەند هەبوو کە دەبوا لەو بڕە کەمتریان بۆ تەرخان بکرێت .....

لەکاتێدا دەبێت ئەوە بزانیت یەکێک لەو پینج پرسیارەی کە لە ڕۆژی دوایی دا لێت دەکەن ئەوەیە کەلێت دەپرسن ئەو سامانەی هەت بوو لەچیدا سەرفت کرد؟ لەوەڵامدا دەڵێیت چی؟ .

ئایا ئاسودەیی لە گۆرانی و ناوبانگ و سەمایە یان ئیمان و پەرستنی بەرز و بالا بۆتی؟

بەداخەوە زۆر خوشک دڵیان گیرۆدە بووە بەدیمەنی جوان و جلی رەنگا و ڕەنگ و خۆجوان کردن و، خۆڕازاندنەوە بە ماکیاج و دەرمان، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆر لە خوشکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەو هونەرمەندانە لە بەهەشتدا دەژین، پێیان وایە لە لوتکەی خۆشگوزەرانیدان .

ئەوەبان بیرچوو کە ئەوە تەنها نمایش کردنێکە و کاتێیە و، تایەک چرکە دوای لابردنی کامێراکە بڕناکات، بیرمانچو کە ئەو لاشانە دەکردرێن و بە چەند دۆلارێکی کەم دەهێنرێنە سەر شاشە و ئەوەش ناچار بەم کارەی کردووە یان دەست کورتی و پێویستیانە بەو پارەیە یاخود خراپی بێر و باوەڕیانە.

وەرە خوشکەکەم گوێ بگرە یەک لە نووسەرەکان لە ژمارەی (٣٣٠٠) ی ڕۆژنامەی (الأیام) دا لە ژێر ناونیشانی (کە نیزەکانی نێو ڤیدیۆ کلیپ) دا دەڵێت: لێکۆڵینەوەیەکی وێنەیەم خوێندەوە لە سەر بازاڕی کەنیزەکان، بە مانای کە لیمە

لێکۆڵینەوەیەکی ئابڕووبەرانە بوو !! ئەو بازارە بریتی بوو لە بازاڕی کەنیزەکان، کە هەندێک لە ژێر ناونیشانی هونەر و ڕاگەیاندندا بانگەشەی بۆدەکەن. تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەڵێت: ئەو ئافرەتانە نرخەکانیان جیاوازە، بەپێی لیست پۆلێنکران، کەتەلۆکی ئامادەکراو هەیە لەو بازاڕانەدا بۆ خستنە ڕووی ئەو ئافرەتانە ...

گەنم ڕەنگ نرخێکی هەیە!! ڕەنگ سوور نرخێکی هەیە!! بالا بەرز نرخێک! تەمەن نرخێک!

ڕادەی جوانی نرخی! وولاتەکانیش هەریەکە نرخی خۆیان هەیە! جوان سەماکردنیش نرخێکی هەیە! هەندێک ئافرەتیش هەن نرخەکانیان هەرزانە .

ئەی کچەکەی ئیسلام....

وریابە، کە ئەو ئەمن و ئیمانەی تۆ تێیدا دەژیت، ئەو نزیک و تێکەڵییەت لە دایک و باوک وکەس و کارو نزیکانت، ئەونیعمەتی مالی خۆت و ئەو منداڵی کە لە ئیستا یان لە داهاتوودا **انشاء الله** پێی دەگەیت، ئەو داوێن پاکی و پۆشتەییە، ئەو دین و ئەخلاقە، ئەو ئارامی وسەقامگیرییەی خێزانەکەت ئاواتی زۆر کەسە، ئەو ئافرەتانەی کە تۆ خەو دەبینی پێیانەوە وەک ئەوانت لێبێت، زۆر دڵنیابە و چاک بزانە کە، ئەوانیش خەو دەبینن و ئاواتە خوازن وەک تۆیان لێبێت، لێت دەپرسم کامتان لە سەر حەقن؟

زۆرن ئەوانەی وادەزانن سەعادەتی مرۆڤ لەوەدایە دەوڵەمەندبێت، ناوبانگی هەبێت، جوان و هەڵکەوتوو بێت، وەکو دەگوترێ سێ کوچکەی سەعادەت، ئەوەش وای لە زۆر کەچ کرد بکەوێتە دوای ئەو سەعادەتە وەهمییە و لە پێناو بەدەستهێنانیدا هەوڵەکانی بەگەڕ بخات ئەوانە لەوەیە ئەوە فریوی دابن کە، ژمارەیەکی زۆری ئافرەتە گۆرانی بێژە بە ناوبانگەکان و دەوڵەمەندەکان ئەو سێ کوچکەی سەعادەتەیان بە دەست هێناوە .

بەڵام ئایا سەعادەتی ڕاستەقینەیان بە دەست هێناوە؟

ئەی خوشکی ئازیزی من ..... داوات لێدەکەم لە زمانی خۆیانەوە وەڵامی ئەو حەزەت وەربگرە،بە زمانی خۆیان وتویانە و بە دەستی خۆیان نووسیویانە ..... یەکێ لەوانەی نامەی نووسیوە بۆ بانگخوازی□ک دەزانیت کێیە؟ (مارلین مۆنرۆ) ئەو ئافرەتەی گەیشتە لوتکەی ناوبانگی جیهان، دە وەرە گوێی بۆ بگرە، گوێ لە ڕازە غەمبارەییەکەی دڵی بگرە کە لە کۆتایی گەشتی شوهرەت و ناوبانگ پەیدا کردنەکەیدا دەڵێت: خۆت بپارێزە لە ناو و ناوبانگ، خۆت بپارێزە لە هەر کەسێک دەیەوێت فریوت بدات، من کڵۆلترین و داماوترین ئافرەتی سەر ئەم زەوییەم، نەمتوانی بیمە دایک، من ئافرەتێکم لە هەموو کەس زیاتر ژیانی خێزانی و مانم بە لاوە پەسند تر لە هەموو شتێکی تر، سەعادەتی ڕاستەقینەی ئافرەت لە سەربەرزانە و پاکی مان و خێزانداریە، نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەوە ڕەمزی سەعادەتی ئافرەتە.

خوشکەکەم ئەمانەش کۆمەلێک گۆرانی بێژ و بەناو هونەرمەندن، کە بەداخەوە لەوەیە زۆر بەتاسەوە بیت ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەیتە ئەو پلە و مەقامەی ئەوان، بەڵام بزانە کۆتایی ئەوان بەچی گەیشت، یاخود ژیانیان چۆن کۆتایی پێهات؟ فەرموو:

١_ خانمە گۆرانی بێژی کۆری بە ناوی (کولی هی ڕیون) تەمەن ٢٦ ساڵ بەهۆی کەئابەی دەروونییەوە لە ساڵی ١٩٩٧ خۆی کوشت، هەروەها هاو نیشتمانییەکەشی خاتوو (جیونح دابیت) ی تەمەن ٢٧ ساڵ لە کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا لە خانووەکەی خۆیدا خۆی کوشت.

٢_ هونەرمەند (لی هی ڕیوت) لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا تووشی کەئابە و ئالۆزی دەروونی بوو بەهۆی ئەو گرتە سێکسییانەی کە لە فیلمی (پەیامی وەنەوشەییدا) گرتبووی خۆی کوشت.

٣_ هونەرمەندێکی بەحرەینی بە ناوی (شەیما سەبت) خۆی کوشت، دەوترێ کە پە یوەندی بەماددە سڕکەرەکانەوە هەبووە .

٤_ گۆرانی بێژی تونسی (ژیکرا) کە مێردەکەی پیاوێکی دەوڵەمەندبوو بە ناوی (أیمن السویدی) لە ئەنجامی غیرەکردن لێی بە دەمانچەیەک کوشتی پاشنایش خۆی کوشت.

٥_ هونەرمەندێکی کوێتی بە ناوی (شەیما) لە شوقەکەی خۆیدا لە باکوری (کوێت) بەکوژراوی دۆزرایەوە.

٦_ هونەرمەند (ویراد حەمدی) لەلایەن خزمەتکاری چێشخانەکەیەوە کوژرا، چونکە وای زانی بوو ئەو جوانکاری و خشڵانەی بەخۆیدا کرد بوون ئاڵتونن تا بیان دزێ لەکاتێکدا هیچیان ئاڵتون نەبوون .

٧_ هونەرمەندی ئیماراتی (هۆزان تمیم) لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا و پاشانیش خۆی کوشت.

٨_ هونەرمەند (دالیدا) خۆی کوشت، سەرەڕای ئەو هەموو ناو بانگ و دەوڵەمەندییەی هەیبوو، لەگەڕەکێکی قاهیرە سەری هەڵدا، لەساڵی (١٩٥٦) دا چوو بۆ فەڕەنسا و ناو بانگێکی دەرکرد کە هیچ گۆرانی بێژێکی عەرەبی پێش خۆی نەیگەیشتبوویە، لە ماوەی (٢٠) ساڵدا (٦٠٠) گۆرانی بە (٨) زمان ووت کە نزیکەی (٨٥) ملیۆنی لێ فرۆشرا، چەندەها خەڵاتی جیهانی لەسەر وەرگرت، ئەمانە هیچی بەختەوەریان نەکرد و سەر ئەنجام لەساڵی (١٩٨٧) خۆی دەرمانخواردکرد، نامەیەکی لە لای خۆیەوە بەجێ هشت تێیدا نوسرابوو(الحیاه لاتحتمل سامحونی) واتە: ژیان ناگوزەرێ و تەحاملی ناکرێ) بمبورن.

٩_ گۆرانی بێژ و ڕاقیسەی یۆنانی (مادۆنا) پاش ئەوەی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ وازی لەگۆرانی ووتن هێنا و بە هەژاریی مایەوە، هەوڵی خۆکوشتنیدا، بەڵام خۆی نەکوشت، پاش هەوڵەکەی هۆکاری خۆکوشتنەکەی گەڕاندنەوە بۆ ئەوەی کە هونەرمەندانی وەک (نانسی و ئەلیسا و هەیفاوەبی) ناوبانگیان لەم سەندۆتەوە بۆیە کارەکانی ڕەواجیان نەماوە،

هەروەها بەهۆی هەژارییەوە هانای بۆ ڕۆژنامەکان بردووە تا حوکمەت و خەڵکی یارمەتی بدەن لەو بارودۆخە دارایییە ڕزگاری بکەن، چونکە ماوەیەکە دەرهێنەر و ئاهەنگگێڕان نە ڕۆڵی پێدەدەن، نە وەک سەماکەرێک هەڵیدەبژێرن، بەهانەشیان ئەوەبوو کە ئەم گۆرانی تازەی نییە کاتێکیش گۆرانی تازەی بۆ بردوون بەڵام ڕایان نەگۆڕیوە، تەنانەت داوای لە کۆمپانیای (ڕۆتانا) کردووە ئەلبوومێکی بۆ دەرکەن بەڵام ئەو پارەیەی پێیان داوە تەنها بەشی ڕێکلامەکەی کردووە.

_ئەمانەش کۆمەلێک هونەرمەندن دوای ئەوەی تاڵی تاوان و دوور لە خوایێ وبێزاری ژیان چوو بە گەروایاندا و بۆیان دەرکەوت و دیتیان بەچاوی خۆیان کە ئاسودەیی ژیان مانای ئەوە نییە لە دونیای هونەر دابی .... مانای ئەوە نییە لە دونیای گۆرانی و سەما دابێ، بۆیان دەرکەوت کە دروست کردنی هەواری شادمانی ژیان لە ناو و ناوبانگ و شۆهرەت و سفوری و بێ بەڕگی و دوور لە شەریعەتی ئیسلام دروست ناکرێت، بۆیان دەرکەوت کە چەندین ساڵە لەسەر ڕێگەی هەڵە بوون، بۆیە بۆ دوا جار ڕەوڕەوەی ژیانیان بە لای خودا باداییەوە و لە سوچێکی ئەم ژینەدا لە پاڵی ئەم ئایینە پاکە خۆیان گرتەوە، ئەوانیش:

هونەرمەندانی مصری (مەدیمە کامل)، (شمس هلبارودی)، (ناهیدا یوسرا)،(نجوی فوئاد).

هونەرمەندی سەماکەری سوری (شاهید شەریف)

هونەرمەندانی تری وەک (نیلی ئەمین)، (میرڤە ئەمین)

هونەرمەندی تورکی (حەنا تورک)، تەنانەت (حەنا تورک) کافتریایەکی داناوە جگە لە ئافرەتی بالاپۆش ناهێڵێت هیچ کەسێکی تر بچێتە ژوورەوە.

ئێستا دەڵێیت چی خۆشکی منن؟ ئێستاش حەز دەکەیت و بەهیوای وەک ئەو هونەرمەندانەت لێبێت کە بە چ شێوازێکی ناشرین و قێزەون کۆتایی بە ژیانیان هات؟ یان تۆش پەشیمان بوویتەوە لەو حەز و هیوایەی کە هەتبوو.

نەک هەر تەنها ئەو هونەرمەند و گۆرانی بێژانەی سەرەوە کە، باسمان کردن، کە وازیان لە هونەر و گۆرانی ووتن هێناوە و خودا هیدایەتی داون و ڕێگای دین و بالاپۆشیان گرتووەتە بەر، بەڵکو چەندین ئافرەتی تری بەناوبانگ لە بوارەکانی تردا، گەڕاونەتەوە سەر ڕێگای ڕاست و درست و پاکی ئیسلام، لەوانەش:

١_ لە هندستان (د.کامەلا داس) پاڵێوراو بۆ خەڵاتی نۆبڵ موسڵمان دەبێت، کە، بەڕاستی ئازایەتییەکی زۆری دەوێت کە، هندۆسییەکی دەوڵەمەند و ناسراو موسڵمان بێت و بتوانێت خۆی لە بەرامبەر تورەیی تونڕەوە هندۆسییەکان بگرێت، دکتۆر کامەلا داس شاعیرێکی ناسراوە لەسەر ئاستی جیهاندا و هەروەها چیرۆکنووسیشە کتێبێکی هەیە بە ناوی (چیرۆکەکەم) کە بۆ زیاتر لە پانزە زمانی بیانی وەرگێڕدراوە، هەروەها

چەندین خەڵاتی بەهۆی نووسینەوە بە دەست هێناوە، وەک:(خەڵاتی شیعری ئاسیایی و خەڵاتی نووسینی ئینگلیزی وولاتانی ئاسیا، هەروەها خەڵاتی جیهانی ئاسیا)، ڕاگەیاندی ئیسلامبونی خۆی لە ١١ /١٩٩٩/١٢ لە کۆنگرەی گشتی (کاچینی) شارەکەی خۆی ڕاگەیاند، کە، لە کۆنگرەکەدا ووتی: (من بە هیچ جۆرێ دژی هیچ ئایینێک نیم ، من تەنها ئەو ئایینەم هەڵبژاردووە کە، ئافرەت دەپارێزێت)، کاتێک پرسیاریان لێ کرد کە چ شتێک سەرنجی ڕاکێشاوی؟

لە وەڵامدا ووتی: ئەو بالاپۆشییەی کە ئافرەتی موسڵمان دەپۆشێت زۆر بە دڵم بوو، هەروەها شێوەژیانی ڕێکوپێکی کە ئافرەتی موسڵمان تێیدا دەژیت، هەروەها ووتی ئازادی لای من بریتییە لەو بالاپۆشییەی کە دەیپۆشم، هەرگیز لە پێش ئیسلام بوونم ئەو هەستە پڕ لە خۆشییەم لە ژیانی خۆم هەست پێنەکردووە، بە ئیسلام بوونم هەست دەکەم بوومەتە کەسێکی خۆشەویست و هەروەها پارێزراو .

٢ _ (خەدیجە سو واتسۆن) قەشەی پێشوو و مژدەدەری مەسیحی و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە لاهوت و مامۆستای زانکۆ موسڵمان دەبێت و، وە جگە لەوەش ئێستا خوشکە خەدیجە مامۆستای کچانە لە یەکێ لە مەڵبەندەکانی بانگەوازی لە جدە .

٣ _ (منی بانکیر) پەرستاری تەمەن ٢٥ سالی هیندی، دوای لێکۆڵینەوە لەسەر ئیسلام و بەراورد کردنیان بە ئایینەکانێ تر، موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند و، هەربەوەش نەوەستا بەڵکو

دەستی کرد بە بانگەواز کردن و ووتاردان کە لە ئەنجامدا حەوت کەس لەسەر دەستیدا موسڵمان بوون .

٤ _ (ڕوبا) ئەو بانگخوازە مەسیحییە دەمارگیرییە بوو کە لە پێناوی بانگەواز کردن بۆ ئایینی مەسیحی چەندین قوربانی دا لەژیانیدا و زۆر شوێن گەڕا، بەڵام لە کۆتاییدا ووتی: لە دوای ئەو هەموو خزمەتەم بە مەسیحییەت و هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت کە من بۆ ماوەی ٢٤ ساڵە ڕێگاکەم هەڵە بووە، بۆیە بە بەرچاوی هاوڕێ موسڵمانەکانی زۆر بە قەناعەتەوە ووتی (أشهد أن لا اله الا الله و أشهد أن محمد رسول الله) موسڵمانبونی خۆی ڕاگەیاند.

٥ _ (مالین) ی مەسیحی ڕۆژنامەنووسی سویدی موسڵمانبونی خۆی ڕاگەیاند و ناوی خۆی کرد بە (عائیشە) و بۆ ڕۆژنامەی (ئێکس پرنسی) دەدوێ دەڵێت: لە بەراورد کردنی ئایینەکاندا تەنها لە ئیسلامدا گشت ڕاستییەکانم بۆ دەرکەوت، ئەو کاتەی قورئان دەخوێنم ڕاستییەکانم بۆ دەردەکەوێت، بڕوادارێم وام لێدەکات میهرەبان و لەسەر خۆبم، من ئاسودە و بەختیارم کە سەرپۆشم پۆشیوە، لە ئیسلامدا ڕێگای بنیاتنانی ژیانم دۆزییەوە، قورئان سۆماو گلێنەی چاوانمە بەبێ قورئان واتە لە دەرەوەی ژیان دەژیم، لێرە بە دواوە هەوڵدەدەم بۆ زیاتر شارەزابوون لە ئیسلام بۆ ئەوەی بتوانم وەڵامێکی ڕاست و دروستی ئەو کەسانە بدەمەوە کە پرسیار دەکەن و ڕخنە لە ئسلام دەگرن، چونکە ئیتر وەک موسڵمانێک ڕەفتار دەکەم و دەژیم دەبێت بە موسڵمانیش بمرم.

ئەزموونی هەندێک لەو خوشکانەی بوونەتە بالاپۆش

چەند خوشکێک دوای ئەوەی بوونەتە بالاپۆش بە بێ دوودڵی ئەم تاجە زێڕینە و گەوهەرەیان نایە سەر و خوای خۆیان هەڵبژارد بەسەر نەفس و شەیتان و مۆدێلی نەشیاو، وە زانیان کە ڕەزامەندی خوای گەورە لەم پارچە قوماشەدایە کە جەستەیان پێداپۆشن، سیفەتی حیشمەت و حەیایان کردە کالای بالایان، وە سیمای ئازادی و نوێخوازیشیان پێشکەش بە گەل و میللەتەکەیان کرد، بە پشتیوانی خوای گەورە ئەزموونی هەندێک لە بالاپۆشتان بۆ دەخەینە بەر دیدەی ئێوەی بەڕێز هەتا تێبگەن سەفەر کردن بۆلای خوا چەند شیرینە و ئەم بالاپۆشییەش چەند ئاسودە بەخشە بۆ خودیِ خوشکان .

ئەم پرسیارانە کران لە خوشکانی بالاپۆش:

ژیانی پێش بالاپۆشیت چۆن بوو؟

١ _ خوشکێکی بەڕێز لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ووتی: پێشەکی بە ناوی خوا، پێش ئەوەی ببمە بالاپۆش هەمیشە وا هەستم دەکرد سەرپێچی یەکێک لە فەرمانەکانی خوا دەکەم، وە کاتێک دوعایەکم دەکرد هەستم بە شەرمەزاری دەکرد بەرامبەر بە خوا کەسەرپێچی دەکەم و داواشی لێدەکەم

٢_ خوشکێکی تر بەم شێوازە وەڵامی داینەوە: ژیانم بەبێ حیجاب وەک کەسێکی بێ ناسنامە وابوو، کەسێک گوزارشت لە ناخی خۆی بکات و تەمەنێکی کەمی هەبێت .

٣ _ خوشکێکی تریش بەم شێوازە وەڵامی داینەوە: ئەتوانم بڵێم ژیانی پێش بالاپۆشیم هەروا بە فیڕۆ ڕۆیشت و هیچ سودێکم لێ نەبینی چونکە هەر وەکو بێهۆشێک کە چۆن مادەی سڕکەری بەکار هێنابێت و ئاگای لە خۆی و دەوروبەری نەبووبێ وە هیچ حیسابێکم بۆ کەس نەدەکرد تەنها بۆخۆشییەکانی دونیا هەوڵم دەدا وە زۆر زۆر لاوازیش بوو لە نوێژکردن و نزا کردنم و ڕوو کردنە خوای گەورە .

٤ _ خوشکێکی تر بەم شێوازە وەڵامی داینەوە و ووتی: لە کاتی ڕابردووم فەلسەفەی ژیانم بە گرنگ نەدەزانی، یاریم بەکات دەکرد هەروام دەزانی ژیان خەو و خواردن و خواردنەوەیە .

ئەی ئێستا هەست بەچی دەکەیت دوای ئەوەی بوویتە بالاپۆش؟

١ _ ئەم خوشکە بەڕێزە لە وەڵامدا ووتی:

ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکەم هەرگیز ناتوانم لەم دوو دێڕەدا دەری ببڕم، بەڵام دەتوانم هەست بە سەربەرزی و پارێزراوی و نزیک بوونەوەم بکەم لە خوای گەورە، وە هەمیشە دڵم ئاسودەیە .

٢ _ خوشکێکی تر لە وەڵامدا ووتی: وا هەست دەکەم کەسێکی پەرژین کراو و پارێزراو و پوخت و خاوێن نموونە بۆ بەجێهێنانی فەرمانی خوا وَ ئیسراحەتێکی دەروونی ڕێنماییم دەکات تا دەروونێکیَ دڵنیام هەبێت، متمانەم بە خۆم و تاجەکەم هەیە .

٣ _ خوشکێکی تر بەم شێوازە وەڵا می داینەوە و ووتی:

هەست بە ئازادی دەکەم لە هەموو ڕوویەکەوە، لە ڕوی دەروونییەوە ئێستا قەڵەق نیم جاران زۆر قەڵەق بووم پێش ئەوەی بڕیار بدەم، وە لە ڕووی مامەڵە و هەڵسوکەوت کردنم لە گەڵ خۆم و دەروونم، بۆ نموونە پێش-بالاپۆشیم نەمدەتوانی بە هیچ شێوەیەک جم و جوڵ بکەم بە ئازادییانە هەر دەبوایە خۆم دابپۆشیایەوە و بەرگی خۆم چاک بکردایە، کە دەچوومەوە ماڵەوە شەوانە بیرم لە ڕۆژانی خۆم دەکردەوە زۆر نا ئارام و دڵ تەنگ دەبووم بەڵام دوای بڕیاردانم کە بالاپۆش بم لە هەموو ئەو نائارامی و دڵ تەنگییە ڕزگارم بوو .

٤ _ خوشکێکی تر لە وەڵامدا ووتی:

ئێستا بۆم دەرکەوتووە ئیسلام تەواوی مافەکانی دابین کردووە، وەک نیعمەتێکی گەورە، کە حیجاب وەک ڕەمزێکی ئیسلام بۆ ئافرەت کە بتوانم پارێزگاری لێبکەم و ببێ‌ۆشم، وە گرنگی و بەهای کاتم بۆ دەرکەوتووە کە لەوە و پێش هیچی لێ فێر نەبووم.

٥ _خوشکێکی تریش لە وەڵامدا ووتی: سوپاس بۆ خوای گەورە کە هیدایەتی دام وە سوپاس بۆ ئەو کەسانەش کە پشتگیریان لێکردم، بەڕاستی ئێستا زۆر مورتاحم و دڵخۆشم دوای ئەوەی بووم بە باڵاپۆش، ئەمەش لە فەزڵی خوای گەورەوەیە چونکە هەر کەسێک فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ بکات بەڕاستی هەنگاو دەنێ بەرەو ژیانێکی خۆشتر لەوەی کە پێشتر تێیدا دەژیا.

چی وای لێکردی ئەم بڕیارە گەورە و پیرۆزە بدەیت؟

١ _ خوشکێکی بەڕێز بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە و ووتی:

زیاتر خوێندنەوەی کتێب وگوێگرتن لە ووتاری مامۆستایان، لە مانەش گرنگتر هاورێی چاک وخواناس وایان لێکردم ئەم بڕیارە بدەم.

٢ _ لە بەرئەوەی دایکم پێشرەوم بوو بۆ کاری باش، وە لە بەرئەوەی کە دەمزانی حیجاب ئەرکێکی فەرزکراوە لە سەر هەموو ئافرەتێکی موسڵمان .

٣_ من وەکوخودی خۆم نوێژم دەکرد ڕۆژووم دەگرت بەڵام زۆر بە پتەوی نا، تا نوێژێکم دەکرد دووانم نە دەکرد هۆکاری ئەم لاوازی و سەر پێچییەشم ئەوە بوو کە هەستم دەکرد خۆم بە خۆمم دەوت هەرچییەک بکەم بێکەڵکە بۆنموونە زۆرجار شەوانە کە نوێژم دەکرد و قورئانم دەخوێند هەستێکی زۆر سەیرم لادروست دەبوو وا هەستم دەکرد کە تەواو ئەمجارە من یەقینم ڕێی ڕاستم هەڵبژاردووە بەڵام کە بە یانی دەهات خۆمم دەگۆڕی بە جوانترین شێوە سەر و قژم پە خشان دەکرد، دەتوانم بە خۆم بڵێم لەو حاڵەتەدا من درۆزن بووم، وا هەستێک هەبوو لە ناخمدا بانگی دەکردم بۆ ئەوەی خۆم دابپۆشم وە هەموو کات سەرزەنشتی خۆمم دەکرد، دەمووت خودای گەورە ئەو هەموو شتە جوان و بەنرخەی پێ بەخشیوم بەڵام من سەر پێچی لە فەرمانی ئەودا دەکەم وە زۆرجار دەچوومە بەرئاوێنە وام دادەنا کە چاوێکم لە دەست داوە یاخود قژم پێوە نەماوە ئەوەش زۆری دەترساندم لێرەدا خۆمم دەترساند بۆئەوەی نرخی بەخششە بەنرخەکانی خودای گەورە لە بیر نەکەم، بەڵام ئەوەی کە زۆر کاری تێکردم (مردن بوو)، لە ڕۆژێکدا کە بە جوانترین شێوە خۆمم گۆڕی بوو بەڕێکەوتم بەرەو زانکۆ دایکم دووسێ ڕۆژ لای خوشکەکانم ڕەخنەی لە چل و بە رگم گرتبوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە منی ووت بۆئە وەی من دڵگران نە بم، زۆرێکیان کە چوومە دەرەوە بۆ زانکۆ دایکم نووستبوو هیچی نە بوو دوای دوو سەعات و نیوو کە گەڕامەوە ماڵەوە پەسەر جەستەی سارد وسڕی دایکم ڕۆیشتمەوە، ئەمە ئاگادار کردنەوەیەکی

زۆر زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی بەخۆمدا بچمەوە و خوای گەورە بۆی دەرخستم کە دونیا خەوێکی کورتە هەرچۆنێک بێت هەر تەواو دەبێت، بەڵام ئێستا دەڵێم خۆزگەم بەوەی کە بەسەرفرازی دەچێتە بەردەم پەروەردگار و کردەوە خراپەکانی شەرمەزاری ناکات .

٤ـ ئەم خوشکە بەڕێزەش لە وەڵامدا ووتی: لەبەرئەم هۆکارانە:

یەکەم: نا ئاسودە بووم لەژیان لە یەکە بە یەکەی چرکەی هەناسەکانم.

دووەم: گەورەترین ئامانجم لێوونبوو، نەبوونی هەڵوێستم بەرامبەر بە بەندایەتیکردنم بۆخودای تاک کە ئەویش رزگاربوونە لەئازارەکانی دۆزەخ و شادبونمە بە بەهەشت.

سێیەم: یەکلایی کردنەوەی خودی خۆم، کە من تەنیا خودام دەوێ تا پارێزگاریم لە ڕەوشتی ئیسلامەتیم بکەم و هەڵوێستم بۆ دەوروبەرم بدرکێنم .

٥ـ ئەم خوشکە بەڕێزەش بەم شێوازە وەڵامی داینەوە و ووتی:

ئاشکرایە کە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لە سورەتی الأحزاب لەئایەتی (٥٩) ئاماژەی بۆکردووە، وە زۆر ئاشکرایە کە ئەمە فەرمانی خودای گەورەیە دیارێشە ئەوەی جێبەجێی بکات پاداشت وەردەگرێت، ئەوەیشی پشتی تێبکات سزا

وەردەگرێت لە سەری، هەرکەسێک کە فە رمانی خودا جێبەجێ بکات لە بەرژەوەندی خۆیەتی چونکە بە ڕاستی خوای گەورە هیچ مەجبور بە کردەوەی بەندەی وەکو ئێمەی گوناهبار نییە، بەڵکو ئەوەی دەیکات بۆخۆیەتی، بۆ پاراستنی هەردوو دنیای هەوڵدەدات، بۆیە منیش ئەو بڕیارەمدا لە ترسی گەورەیی و سزای خوای گەورە، ئەم ژیانە کەمەی دونیا بە هەرجۆرێ بێ هەر دەچێتە سەر، بەڵام ئەی لەو دونیا چۆن جوابی ئە و خوایەم بدابایەوە چۆن لەسزای ئەو دونیا نەجاتم دەبوو.

تا چەند بالاپۆشی ڕێگربووە لە بە دەستهێنانی هیواو ئاواتەکانت؟

١ _ خوشکێکی بەڕێز لە وەڵامی پرسیارەکەماندا ووتی: هیچ دژایەتیەکم لەنێوان بالاپۆشی و ئاواتەکانمدا بەدی نەکردووە و هیچ ئاواتێکم نییە دژبێت بەبالاپۆشی.

٢_خوشکێکی تر بەم شێوازە وەڵامی دایەوە و ووتی: ڕێگری لە بە دەستهێنانی هیوا و ئاواتەکانمدا بەهۆی بالاپۆشیبمەوە ڕووی نەداوە لەژیانمدا لەبەرئەوەی مرۆڤێکی موسڵمان بووم، کامڵ بووم بە حیجابەکەم، ئەگەر ئەوە نەبووایە بە شێکم کەم دەبوو.

٣ _ خوشکێکی تر لە وەڵامدا ووتی: بالاپۆشی هیچ کات ڕێگر نەبووە لە بەدەستهێنانی خەونەکانم، بگرە هۆکارێکی یارمەتیدەر بووە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانم .

٤ _ خوشکێکی تر بەم شێوازە وەڵامی داینەوە و ووتی: هەرگیز بالاپۆشی نەبووەتە هۆی ڕێگرتن لە دەستهێنانی حە و ئاواتەکانم، بەڵکو خۆی بە دەستهێنانی حەزێکە و پشت بەستنە بە خۆت .

٥ _ خوێنکارێکی تر بەم شێوازە وەڵامی داینەوە و ووتی:

بە پێچەوانەوە بالاپۆشی ڕێگایەکە بۆ هەنگاو نانت بەرە و هیوا و ئاواتەکانت، من لەژیانی تایبەتی خۆمدا وای دەبینم، من زۆر هیوام هەبوو کە جاران دەم ووت ئەستەمە بێتە دی بەڵام زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە ئەو هیوایانەم هاتە دی و یەکێک لەو هیوایەتانەی ژیانم ئەوەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببمە بالاپۆش.

ئایا ئازادی لە بالاپۆشی دایە یان نا؟ چۆن؟

١ _ ئەم خوشکە بەڕێزە لە وەڵامدا ووتی:

بەڵێ تا ڕادەیەکی زۆر ئازادیم وەرگرتووە لەبەرئەوەی هەست بە بوونم دەکەم، دروستبوونی ئەم بوونەوەرە بێ حیکمەت نییە و بەڕێزی خۆمم بۆ دەردەکەوێت کە خوای گەورە ئەم ڕێزەی بەخشیوەتە مرۆڤ وەک دەفەرموێت:

{وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي ءَادَمَ} [الإسراء ﴿٧٠﴾]

ئازادیم لە وەوە پەیدابووە کە تەنها پشتم بە خوا بەستووە وەک دەفەرموێت: ((و من یتوکل علی اللە فهو حسبه)) .

٢ _ خوشکێشکەی بەڕێزیش بەم شێوازە وەڵامی داینەوە و ووتی:

من لە بالاپۆشیدا ئازادی زیاتر بەدی دەکەم، چونکە ئا کەویتە بەر توانج و قسەوقسەڵۆک، بالاپۆشیم گوزارشتە لە ئازادی بیروڕام.

٣ _ خوێنکارێکی تر بەم شێوازە وەڵامی خۆی خستە ڕوو و ووتی:

تێگەیشتنی من بۆ بالاپۆشی ئەوەیە کە فێری ئازادی کردم لە ناخمدا و وە لەژیانمدا، وە هەست بە سەربەرزی و خۆشییەکی زۆر لە ڕادەبەدەر دەکەم، تێدەگەم کە فەرمانی خوای گەورە و جێبەجێ کردنی خۆی لە خۆیدا ئازادییە و هەر کەسێکیش نەیکات ئەو خۆشی و ئازادییە نابینێت.

٤ _ بەڵێ ئەو ئازادییەی لە بالاپۆشیدا هەیە بڕوا ناکەم لە هیچ شتێکی تردا هەبێت، بالاپۆشی لە زۆرشتی نایەجێ ڕزگارت دەکات، مرۆڤیش کە ڕزگاری بوو لە ناڕەحەتییەک وە بە کردنی کارێک ڕزگاری بوو واتە ئازادی لەو کارەدایە کە کردوویەتی، کاتێک هەستام بە کردنی ئەم کارە دەتوانم بڵێم لە زۆرشت ڕزگارم بوو وەک:

یەکەم / لە سەر زەنشتی ناخ ودەروونم چونکە من پێش ئەوەی بڕیار بدەم هەمووشەوێک لەگەڵ خۆمدا دا دەنیشتم و بڕیارم پێنەدەدرا لەبەر هەندێ شتی دونیایی، بۆ نموونە دەم ووت جوانترین شت کە لە منداهەیە سەر و قژ و بەژن و

بالآمە ناتوانم دایپۆشم چونکە لە جوانیم کەم دەکات، هەروەها هاوڕێکانم ئیتر لە گەڵم هەڵناسوڕێن چونکە کەسیان بالآپۆش نین، بەڵام بەکردنی (حیجاب) لە هەموو ئەو قەلەقی و نا ئارامییە ڕزگارم بوو.

دووەم/ ئازادی لە ڕووی کۆمەڵایەتی بەڕاستی من پێش بالآپۆسی هەندێ بەرگی کورت و تا بڵێیت نەشیاوم لەبەر دەکرد ئەمیش وای کردبوو هەمیشە جێگای سەرنج بم، ڕۆژی دەیان جار قسەی ناشرین و توانجم لێدەدرا، بەڕاستی نەمدەوێرا بە شوێنێکدا بڕۆم کە گەنج و پیاوی لێ بێت، بەڵام لە خودا بەزیادبێت ئێستا زۆر سەربەستم ئەصڵەن گوێم لە هیچ ووشەیەکی ناشرین و توانجێکی لار و ووشەی نابەجێ نییە، وە زۆر جار خۆشحاڵم بەوەی کە لە بازاڕدا ئافرەتی بەتەمەن یاخود گەنجی هاوتەمەنی خۆم دەبینم بە لەچکەوە پیاما هەڵدەدەن، زۆر جار دەمگرن و پێم دەڵێن لە چکەکەت زۆر جوانە یاخود دەڵێن فێرمان بکە با وەک تۆ بین، ئەوەی لێی دەترسام لە دەستی بدەم پێش لە چک کردنم زۆر بە خۆشحاڵییەوە بۆم هاتە دی .

٥ _ خوشکێکی تر بەم شێوازە وەڵامی دایندەوە و ووتی: بەڵێ ئازادی لە بالآپۆشیدایە، من لە ژیانی خۆم ئێستا هەستی پێ دەکەم، وە بەر جەستەشم کردووە لە زۆر لایەنی ژیانم.

دوای ئەوەی بوویتە بالاپۆش کەسانی دەورو بەرت چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردی؟ ئەی پێش بالاپۆشیت چۆن بوون؟

١ _ ئەم خوشکە بەڕێزە لە وەڵامدا ووتی:

لەبەرئەوەی تەمەنم بچوک بوو ڕووبەڕوی ڕەتکردنەوە بوومەوە لە لایەنی جیاوازەوە، بەڵام هانی دایکم و حیجابەکەم بینای حیجابیان بە شێوازێکی قوول لە ناخمدا داکوتا.

٢ _ خوشکێکی تر بەم شێوازە وەڵامی داینەوە و ووتی:

پێش بالاپۆشیم هەندێ هاوڕێم هەبوو کە، زۆریان خۆشدەویستم و بەردەوام بەیەکەوە بووین. هاوڕێیەکی زۆر تایبەتیم هەبوو بە حوکمی ئەوەی کە دراوسێ بووین لە منداڵییەوە پێکەوە بووین، زۆر پێکەوە بووین بە قەدەر برایەکم خۆشم دەویست، بەڵام ئەو ڕۆژەی لەچکم بەسەرەوە بوو لە زانکۆ منی دی لێی پرسیم ئەو سەر پۆشە چییە بەسەرتەوە؟ وەڵامم دایەو ووتم پیرۆزبایم لێ بکە، چەرخەکەی لە گیرفانی دەرهێناو ووتی ئێستا سەر و قژتی پێوە دەسووتێنم، من زۆرم پێناخۆش بوو کە وای کرد، بۆ چەند مانگێک لە خۆ خواردنەوەدا بووین و قسەمان لەگەڵ یەکتر نەدەکرد، ئەو بەدڵی نەبوو کە لەچک بکەم، بەڵام من تێم گەیاند کە لەچک شتێکی جوانە، ئەگەر بەنرخ نەبوایە و بۆ پاراستنی ئیمەی ئافرەت نەبووایە خوای گەورە فەرزی نەدەکرد، سوێند بە خوا وام لێکرد ووتی مادام وایە کە زەواجم کرد دەبێت ئافرەتێکی بالاپۆش بهێنم، سوپاس بۆ خوا کە زەواجی کرد لەگەڵ یەکێکی

بالاپۆشدا کردی، ئێستا تەواو لە گەڵمدا گۆڕاوە زۆر لە جاران پەیوەندیمان باشترە، وە سوپاس بۆ خودا دوای بوونم بە حیجاب زۆربەی هاوڕێکانم سەرپۆشیاندا بە سەریاندا بەوە زۆر خۆشحال بووم ئەوەندەی تر لەچکم لا شیرین بوو، وە من زۆر تووشی ناڕەحەتی بووم لەگەڵ خوشک و براکانم دا نەیاندەویست لەچک بکەم بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێستا تەواو بیر و بۆچوونیان گۆڕاوە تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەم وردە وردە لە چکیان کرد یەکێک لەوانە ((خوشکەزاکەم)).

٣ _ خوشکێکی تر لە وەڵامدا ووتی: بێگومان ئەگەر فەرمانی خوای گەورە جێبەجێ بکەیت لای خوای گەورە خۆشەویست دەبیت و خەڵک و دەوروبەرەکەشت خۆشیان دەوێیت و ڕێزت دەگرن، من ئێستا زۆر هەست بە گۆڕانکاری دەکەم لە ژیانی خۆمدا، کەسانێکی زۆر پیرۆزبایم لێدەکەن و زۆر لە جاران زیاتر ڕێزم لێدەگرن بەتایبەتی دایک و باوکم زۆر خۆشحاڵ بوون، ئێستا مامەڵیان زۆر لە جاران لە گەڵمدا باشترە و منیان لە خوشک و براکانم زیاتر خۆش دەوێت، هەروەها هاوڕێکانم لە زانکۆش زۆر زیاتر لە جاران ڕێزم دەگرن هاوکاریم دەکەن.

پەیامت چییە بۆ ئەو خوشکانەی دەیانەوێ ببنە بالاپۆش بەڵام ناتوانن جێبەجێی بکەن؟

١ _ ئەم خوشکە بەڕێزە لە وەڵامی پرسیارەکەماندا ووتی: بیرێ لە ڕابردووی خۆتان بکەنەوە بزانن چ سودێکتان بینیوە تا ئێستا لە سەرپێچی کردنی ئەم فەرمانە؟ ئەگەر دەتەوێت

ئاسوودەیی دنیا و ئاخیرەت بیت ئەوا ببە بە بالاپۆش، دڵنیاتان دەکەمەوە تا خۆتان لەو واقیعەدا نەبن ناتوانن شیرینی ئیمان و بالاپۆشی بچەژن.

٢ _ خوشکێکی تر لە وەڵامدا ووتی: داوام وایە بە بڕوایەکی پتەو و بەقەناعەتەوە بڕیاری خۆیان بدەن و لە هیچ شتێک نەترسن چونکە ئاسوودەیی لە دوایە.

٣ _ خوشکێکی تریش لە وەڵامدا ووتی: پێیان دەڵێم: ئەمە یەکێکە لە فەرمانەکانی خوا پێویستە پەیڕوی بکەین، بۆئەوەی لێمان خۆشبێت، چونکە هەموومان دەمرین .

٤ _ خوشکێکی تر لە وەڵامدا ووتی: خوشکەکانم چاوەڕێی چی دەکەن؟ فێڵ لەکێ دەکەن؟ ئایا ئەمری دروستکارەکەتان ڕەتدەکەنەوە یان دەروونی خۆتان ڕازی دەکەن، دەروون و ئارەزووی خۆت فڕێدە ملکەچبە بۆ ئەمری بەدیهێنەرەکەت، ئەو لە تۆ زاناترە بە خۆت ودەزانێت چی سودی هەیە بۆت.

٥ _ خوشکێکی تر لە وەڵامدا ووتی: منیش جاران کەسێک بوو وەک ئەوانەی باسیان دەکەیت، بەو خوشکە بەڕێزانەم دەڵێم هەرچی زووە هەنگاو بنێن بەرەو بالاپۆشی، بڕوابکەن ژیانتان زۆر خۆشتر دەبێ و زۆر بەڕێزتر و بە گەورەتر تر دەبن لە ناو کۆمەڵگاش، یان بیربکەنەوە ئەو تەمەنەی بەڕێتان کردووە چ قازانجێکتان لێ کردووە؟ یاخود لەو جلانەی کە لەبەری دەکەن؟ منیش وەک ئێوە بووم دەم ووت هەرگیز ناتوانم و نازانم و چی و چی ..... بیانووم زۆر بوو بەڵام

بڕوابکەن ئەو قسانە هەموو خۆ خافڵاندن و فێڵ لە خۆ کردنە، تا ئەو جلە پیرۆزە لەبەر نەکەیت نازانی تامی بالاپۆشی لە چیدایە، خۆشتان نازانن ژیانتان چۆن دەگۆڕێ بە یارمەتی خوای گەورە.

خوشکی بەڕێز و خۆشەویستم نووسین و لێدوانی چەندین خوشکی ترمان لە بەر دەستدابوو بۆ ئەوەی ئاماژەی پێ بکەین، بەڵام وا هەست دەکەم ئەمەندە بەس بێت بۆ بەڕێزت کە بیکەی بە هۆکاری هیدایەتت، بۆ خۆت خوێنتەوە ئەو نوسراو و دەستەواژانە کە چۆن سفوورییەت و نەپۆشینی حیجاب ژیانی ئەو خوشکانەی پڕ کردبوو لە تاڵی و ترشی، ناڕەحەتی تەنگی پێ هەڵچنی بوون، بەڵام کاتێک تاجی حیجابیان نایە سەر چۆن ئەو حیجابە پیرۆزە ئاسودەیی و شادمانی کردە دیاری بۆ دڵیان، خوشکی ئازیزم دڵنیابە ژمارەی کاروانچیانی بەرەو حیجاب چوون ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە، بە پێی سەرژمێرییەک کە لە هەندێک شوێنی کوردستاندا کراوە ژمارەی ئەو خوشکانەی کە هەڵگری ئەم تاجە زێڕینەن لەسااڵی (٢٠٠٦) هوە تا بەرواری نووسینی ئەم بابەتە زیاتر لە (٣٧٣٠) خوشک بوون[1]

(١) ئەم سەر ژمێرییە هی چەند شوێنێک و چەند کەسێکی کەمبوو، وە لە چاپی دووەمدا ئاماژەمان پێکردووە .

جا بۆیە پێت دەڵێم

دی خوشکەکەم چاک ووریابە و کوێم بۆ بکرە
تاکو نێستا تاوانت کرد بەڵام لێرە پەتی ببڕە
تەمەنت پڕی بەفیرۆ چوو پێم ناڵێی لەپێناوی چی؟
لە دواڕۆژ کەلێیان پرسی لەوەڵامدا تۆ دەڵێی چی؟
تەمەنت بۆ خوای گەورەبوو یاخود بۆغەیری ئەو
بەبێ حیجاب هاتی و ڕۆشتی بە ڕاژۆ شەو
ئاخر چ بەهانەیەکە بۆخۆتت کردۆتە لەمپەر
هەر کارێ کە خوا فەرزی کا بۆقازانجی تۆیە بەشەر
بەجوانییەکەت مەنازە جوانی تاسەر نەبوو بۆکەس
کە چوبێتە ناو گۆڕەشەوە لەکەڵدا نییە هیچ کەس
بەڵامەست و زانیاریەکەت هیچ کات لەخۆت مەبە بایی
چونکە سیفەتی شەریفانە سەرت دەخوات ڕۆژی دوایی
لاغەت تاوانی زۆری کرد نیستر هیچکەس مەدە بە کۆل
ئەو لاغەیەت لەژێر خاکدا لە کۆتایی دەبێ بە خۆل
دەبەسییەلاسایی کردنەوە و پۆشینی پۆشاکی غەریبی
لەلای خوێ تۆ موسوڵمانی دەبوو دایم دژ بە ئەو بی
مادام تۆ نیسانت هەیە وە نیسانەکەت تەواو کە

چونکە پۆشینی حیجابیش بەشێکە لەیسانەکە
بەڵام خوشکی خۆشەویستم هەرچەن زۆرت کرێ تاوان
بەڵام هەرگیز ناوەستم مەبە لەمیهر و بەزەیی یەحسان

وەرە خوشکی موسوڵمانم لەی کوڵە جوانەکەی کۆمەڵگا
دەستەکانت بەرزکەوە بۆڵای قاپی و بارەگای خوا
بەدڵێکی پڕ لە کوڵ و بەچاوی پڕ لە سرینەوە
داوای لێخۆش بوون لەخوا کە بەناخی پڕ بریندەوە
بڵێ: لەی خوای گەورە شەرمەزاری بارەگاتم
دەگەڕێمەوە بۆڵای تۆ بڵێ وابزەوە پوت هاتم
خەجالەتی خۆت دەر ببڕە بۆ لەو خودا گەورەیە
لەویش ناوەستێت ناکات چونکە گەلێک لێبووردەیە
خۆی فەرموویە بەندەکانم لەمیهرم ناوەستێ مەبن
لەو لەگوناهتان خۆش دەبێت گەر وەک کەفی سەر دەریاش بن
جا کەوایە لەی خوشکەکەم لەبەر چی تۆ تەوبە ناکەی؟
بەگەڕانەوەت بۆڵای خوا خۆت لەناکەر پێی ڕزگارکەی
بەزەلیلی و بەداماوی بۆ خۆشکی و بەنزاوە
بەڕێگەوە بەرەو دەرگای سوزوبەزەیی خوداوە

ئەو دەرگایە هەر هی ئەوە هەرگیز داناخرێ لەهیچ کەس
دەبگەڕێوە بۆ لای خوا تاکەی تاوان دەبەسە بەس
بەسەر شۆڕی و پەشیمانی بۆ لای خوا بگەڕێرەوە
ژیانێکی تازە دەست پێ بکە دە پەیمانت تۆزێکەوە
دەنگی گریە و ناڵەناڵت بۆلای ئەو خوایە هەڵ□ببڕە
پەتی دڵڕەقی و ئینکاری هەر لە ئێستاوە ببڕە
خوشکەکەم زۆرم پێ ووتی چاوم وەختە بێنە گریان
بەڵام نازانم و لەبەرچی دڵی تۆ نەهاتە گۆڕان

من بۆتۆمە ئەم داوایە هەمان کات بۆخێری خۆشم
کەر بۆقازانجی تۆ نەبێ من بۆچی وا بە پەرۆشم
ئەی خوشکەکەم من زۆر سکم بەتۆ دەسوتێ
دەوابکە کەلاشەت بەناگری دۆزەخ نەسووتێ
دوا ووتەشم هەر ئەوەیە دەنگم هەڵدەبڕم بۆلای خواوە
ساخوایە خوشکانمان هیدایەت دەی بەدڵێکی دامەزراوە

مەرجەکانی بالاپۆشی

یەکەم/ دەبێت پۆشاکەکە هەموو لاشەت دابپۆشێت جگە لەدەست و دەم وچاوت هەر وەک خوای گەورە دەفەرموێت:

{ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا } [النور ﴿٣١﴾]

واتە: (بازینەت وجوانی خۆیان دەرنەخەن مەگەر ئەوەی بۆ خۆی بەبێ مەبەستی ئەوان دەردەکەوێ) زۆربەی زانایان فەرمووياتە ئەوەی کە، بۆ خۆی دەردەکەوێ دەست و دەم و چاوە دەستیش تەنها مەچەک کە بۆ خۆی دیارە و مۆڵەتی پێدراوە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

{ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ } [النور ﴿٣١﴾]

واتە: (با لەچکەکانیان شۆربکەنەوە بەسەر فەتحەی کراسەکانیان) بەداخەوە زۆرێک لەخوشکانمان سنەرپۆش دەکەن و لەگەردنیاندا گرێ لەلەچکەکانیان نادەن.

دووەم/ دەبێت پۆشاکەکە تەنک نەبێت واتە دەبێت ئەستور بێت، چونکە داپۆشین کاتێک دێتە جێ کە ئەو شتەی دایدەپۆشیت واتە داپۆشراوەکە دیار نەمێنێ کە ئەوەش دەبێت قوماشێکی ئەستور بێت، بەڵام ئەگەر پێچەوانە بوو ئەوا زیاتر ئافرەتەکە بەرەو فیتنە دەبات چونکە زیاتر دەیرازێنێتەوە.

سێیەم/ دەبێت پۆشاکەکە تەسک نەبێت و فراوان بێت، چونکە مەبەست لەپۆشاک نەهێشتنی فیتنەیە ئەمەش بەبێ پۆشاکی ئەستور نایەتەدی، چونکە پۆشاکی تەسک هەرچەندە لاشەش داپۆشێ و بیشارێتەوە بەڵام قەبارە و شێوازی لاشە دەردەخات ئەمەش دەبێتە هۆی چاوتێبڕینی بەرامبەر وە سەر دەکێشێت بۆ خراپە بۆیە دەبێت فراوان بێت.

چوارەم/ نابێت پۆشاکەکە لەپۆشاکی پیاوان بچێت چونکە (أبو هورەیرە) ﴿ﷺ﴾ دەگێڕێتەوە لەپێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کەفەرمویەتی: نەفرین لەو پیاوانەی کەپۆشاکی ئافرەتان لەبەر دەکەن و وەنەفرین لەو ئافرەتانەی کەپۆشاکی پیاوان لەبەر دەکەن بۆیە نابێت ئافرەتان و پیاوان خۆیان بچوێنن بەیەکتری .

پێنجەم/ نابێت پۆشاکەکەت سەرنج ڕاکێش و بریقەدار بێ چونکە ئەگەر پۆشاکەکە ڕازێنرابووە سەرنجی پیاوان ڕادەکێشێ .

شەشەم/ نابێت پۆشاکەکە لەپۆشاکی بێباوەڕان بچێت چونکە بۆ هیچ موسوڵمانێک پیاو بێت یان ئافرەت دروست نییە خۆی بشوبهێنێ بەبێباوەڕان چونکە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموویت:

(مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ)[1] واتە:(هەر کەسێک خۆی بچوێنێت بەهەر قەومێک ئەوە لەوانە) .

حەوتەم/ نابێت پۆشاکەکە بۆندار بێت، چونکە بۆن کاریگەری خۆی هەیە جا نەخوازە ئافرەت لەخۆی بدات، بۆیە بۆن بۆ ئافرەتان حەرامە، چونکە سەرنجی پیاوان بۆلای خۆیان ڕادەکێشن، هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

(أَيُّمَا امْرَأَةٍ اسْتَعْطَرَتْ فَمَرَّتْ عَلَى قَوْمٍ لِيَجِدُوا مِنْ رِيحِهَا فهي زَانِيَة)[2]

واتە:(هەر ئافرەتێک خۆی بۆندار بکات بەلای کۆمەڵە پیاوێکدا بڕوات تابۆنی بکەن ئەوە ئەو ئافرەتە زینای کردووە) .

هەشتەم/ نابێت پۆشاکەکە بۆناو و شۆرەت و ناوبانگ لەبەر بکرێت چونکە عبدللەی کوڕی عومەر دەگێڕێتەوە لەپێغەمبەر ﷺ کەفەرموویەتی (هەر کەسێک پۆشاک و جل و بەرگ بۆ شۆرەت لەبەر کات ئەوا خوای گەورە لەڕۆژی دوایدا بەرگی زەلیلی لەبەر دەکات پاشان ئاگری تێبەر دەدرێت بڵێسە دەسێنێ) .

(١) رواه أبو داود رقم (٤٠٣١).وقال شيخ الألباني صحيحه

(٢) رواه أبوداود(٤١٧٣) و الترمذي(٢٧٨٦) والنسائي(٥١٢٦) وقال شيخ الألباني حديث حسن

بەیامێکی گرنگ و پێویست بۆ ئەو خوشکانەی کە بالاپۆش

ئەو خوشکە ئازیز و خۆشەویستانەی کە بالاپۆشن و (حیجاب)یان کردووەتە کالای بالایان، چەند بابەتێکی گرنگ هەن کە زۆر بە پێویستی دەزانم بۆیان ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەنگاوی هەڵە هەڵنەگرن و تووشی بە هەڵە تێگەیشتن نەبن و، وە بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ پۆشاکەکەیاندا بکەن، ئەو بابەتانەش وا لە خوارەوە بە چەند خاڵێک ئاماژەی پێدەکەم:

١ ـ مرۆڤی موسڵمان کاتێک دەیەوێت کارێکی چاکە ئەنجام بدات یاخود پێویستییەک لە پێویستییەکانی ئایین بەجێبهێنێت، دەبێت دڵسۆز بێت لە کارەکەیدا، واتە دەبێت نیەتی تەنها لەبەر خودا بێت، تۆ کە حیجاب دەپۆشیت دەبێت لەبەر خاتری خودا بیپۆشیت و وەکو پێویستییەکی دین بیپۆشیت، نەک لەبەر عادەت و کلتوری کۆمەڵگاکەت یاخود لەبەر جوانی یان لەبەر ئەوەی کەسێکی نزیکت پێی خۆشە یان لەبەر ئەوەی هاوڕێکانت دەیپۆشن تۆش پێت شەرم بێت نەیپۆشیت، بۆ چاویان لێبکەیت، خوای گەورە عیبادەتی بەم شێوەیەی ناوێت،

دەبێت تۆ لە ناخی دڵتەوە بڕیاری کۆتاییت دابێت کە لە پێناوی ڕەزامەندی و خۆشەویستی پەروەردگار حیجاب بپۆشیت. ئەی ئەگەر خوانەخواستە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانەی کە تۆ چاوت لێکردوون ڕوویان کردە سفوری و پشتیان لە دینەکەی خوا کرد، دووبارە تۆش چاویان لێدەکەیتەوە؟!! بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداری بڕیار دانت بیت، دەبێت بزانیت بە چ نییەتێک و بۆ چ مەبەستێک خوا پەرستی دەکەیت چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت ((إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى))[1]

٢ _ خاڵێکی تر کە زۆر پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە ئافرەتانێکی زۆر هەن کە سوپاس بۆ خوای گەورە باڵاپۆشن و زۆر وا بەستەن بە حیجابەکەیانەوە بەڵام زۆر بە داخەوە لە لایەنی عەقیدە و بیروباوەڕەوە زۆر کز و لاوازن، باوەڕیان بە زۆر شتی خەیاڵی و خورافیات هەیە، پەنا بۆ زۆرشت دەبەن کە هەمووی شیرک و هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوا وەک ئەوەی لە کاتی نەخۆشکەوتن یاخود منداڵ نەبوون یان لە کاتی تەنگانە و ناخۆشی و نارەحەتیدا هاوار بۆ غەیری خوا دەکەن و دەچنە سەر شەخس و گۆڕی پیاو چاکان، لە جیاتی ئەوەی هانا بۆ خوا بەرن و داوا لە خوای گەورە بکەن، ئەم جۆرە کارانە زۆر لە سفوری و زینا خراپتر و گوناهترن، جا کە تۆ بیر و باوەڕت بەم شێوازە بێت باوەڕت بە کەسێکی مردوو بێت کە بە هاناتەوە بێت، حیجابەکەت چ سوودێکی دەبێت بۆت کە پۆشیوتە، بۆ ئەوەی خوای گەورە لێت وەر بگرێت خوای گەورە دەفەرموێت:

(١) _ رواه البخاري، ومسلم وغيرهما

{ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا } [النساء ﴿٤٨﴾]

واتە: (بە ڕاستی خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت، بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت جا ئەوەی هاوەڵ و شەریک بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە ئیتر بە ڕاستی تاوانێکی گەورەی هەڵبەستووە).

خوای گەورە عەقیدە و بیر و باوەڕی لە هەموو شتێک بە لاوە گرنگترە، هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویت:{ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ } [المائدة ﴿٧٢﴾]

واتە: (ئەوەی شەریک و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لە سەر حەرامکردووە، شوێن و جێگا و سەرئەنجامی ئاگرە، ئەوسا ئەو ستەمکارانە هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نییە کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت)، تۆ کە عەقیدە و بیر و باوەڕت جێگیر نەبوو بەو شێوەیەی کە، خوای گەورە دەیەوێت، عیبادەتەکانی ترت سودیان نابێت بۆت، چونکە گەورەترین تاوان لای خوای گەورە هاوەڵ بڕیاردانە بۆی، گەورەترین ستەمە لای وەک دەفەرموویت:

{ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ } [لقمان ﴿١٣﴾]

واتە: (بە ڕاستی هاوتا و هاوبەش بڕیاردان ستەمێکی زۆر گەورە و ناڕەوایە)

٣ _ خاڵێکی تر کە بە پێویستی دەزانم بخرێتە ڕوو، فەرزی (نوێژ) ە، زۆرن لەو خوشکانەی کە بالاپۆشن، بەڵام بە داخەوە کارێکی تر کە زۆر کەم و کوڕی تێدا ئەنجام دەدەن نوێژ کردنە. من نالێم نوێژ ناکەن بەڵام زۆر کەم و کورتن تێیدا، بە تایبەتی لە نوێژی بەیانیاندا هەروەها نوێژەکانی تریش کەلەوانەیە لەبەر چەند هۆیەکی دنیایی کە عوزر نییە بۆیان نوێژەکانیان بفەوتێنن، ئاخر چۆن دەبێت و دەگونجێت تۆ بالاپۆش بیت و نوێژ بفەوتێنیت خۆ نەکردنی نوێژ لە نەپۆشینی حیجاب گوناهتر و ترسناکترە، نوێژ گەورەترین عیبادەتە لە ئیسلامدا کۆڵەکەی دینەکەتەدەبێت نوێژت لە ڕووناکی چاوەکانت خۆشتر بوێت، بۆیە دەبێت چۆن ئاگاداری حیجابەکەتی و نایەڵیت نامەحرەم بەسفوری چاوی پێت بکەوێت، دەبێت زۆر لەوە زیاتر ئاگاداری نوێژەکانت بیت.

٤ _ بەڕاستی جێگای داخ و ئەسەفە کە هەندێک لەو خوشکانەی بالاپۆشن، هەڵس و کەوتێک دەنوێنن کە نەدەبوو هی ئەوان بێ کە من پەش بەحاڵی خۆم خەفەتی پێ دەخۆم، بۆ نموونە خوشکی بالاپۆشی وا هەیە زۆر بەدەم کوڕانەوە پێدەکەنێت قسەکردنی زۆر و بەتەڵیا لە گەڵیان زۆر بە ئاسایی دەزانێت. نموونەیەکی تر لەوانە چەندین ئافرەتی بالاپۆش دەچنە ناو ئاهەنگی بێشەرعی لە ناو بۆنەو ئاهەنگی بێشەرعی دەبینرێن یان هەندێک لە خوشکان وازیان لە سفوری هێناوە بەڵام بەداخەوە وازیان لە گۆێگرتن لە گۆرانی و زنجیرە ئەڵقە و موسەلسەلاتە بێ شەرعی و ئابڕووبەرەکان نەهێناوە. خوشکە بالاپۆش و بەحەشم و حەیاکەم ڕاستە دەبێت حیجاب بپۆشی

چونکە لە بەرئەوەی فەڕزە بەڵام لەوە گرنگتر و فەڕزتر ئەوەیە کە کاری پێ بکەی دەبێت ئەو پۆشاکە لە ڕەوشت و هەڵسوکەوت و مامەڵەتدا ڕەنگ بداتەوە دەبێت ئاوێنەی ژیانت بێت.

٥ـ یەکێکی تر لەو هەڵانەی کە باڵاپۆشان تێیکەوتن بە داخەوە بریتییە لە بڕۆ کردن کە پێغەمبەری خوا (سەلامی خوای لەسەر) نەفرەتی لێکردوون کە دەفەرموێت ((لعن الله النامصه و المتنمصه))[1] واتە)) نەفرەتی خوا لەو کەسەی کە بڕۆ دەکات و لەوەش کە بۆی دەکات)) کە ئەمە بە ڕاستی جێگای داخ و ئەسەفە، کە پێویستە بە زووترین کات واز لەو کارە بێنن و خۆیان لە نەفرەتی خودا بپارێزن .

٦ ـ خاڵێکی تر ئەوەیە کەمی شارەزایی لە ئایین و دووری لە زانستی شەرعی، بە داخەوە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێمە گشت چین و توێژێکمان دوور کەوتوینەتەوە لە وەرگرتنی زانستی شەرعی، لەم خاڵەشدا ئافرەتانمان لە هەرە چینی خوارەوەن بۆیە پێویستە زۆر ئاگاداری ئایینەکەمان بین چونکە ڕاسپاردەیەکە لەسەر شانمان ئەم ئایینە وا بە ئاسانی بە ئێمە نەگەیشتووە، تا وا بە سانا وسادەیی لێی بڕوانین، ئێمە بۆ ماوەی ١٦ ـ١٨ ساڵ دەخوێنین لە ناوەندەکانی خوێندنداء کەچی کاتێک ورد دەبینەوە هیچی وامان بە دەست نەهێناوە لە چاو ئەو هەموو ساڵەی کە تێماندا سەرف کردووە، بەڵام ئامادە نین نەک ئەوەندە ساڵە تەنانەت چەن مانگێکیش تەرخان بکەین بۆ شارەزایی لە ئایینەکەمان کە پێویستییەکی

شەرعییە چونکە ئەوانەی کە لە ژیاندا تێناکەون ئەوانەن کە شارەزان و زانستیان پێیە و کار بە زانستەکەیان دەکەن، بۆیە پێویستە بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ وەرگرتنی زانستی شەرعی و شارەزاییمان بۆ ئایینەکەمان، ئەمەش بەتایبەتیتر بۆ ئافرەتان چونکە زانستی شەرعی هەوێنێکی پاڵفتەیە تابەهۆیەوە ئافرەتی موسڵمان منداڵەکانی پەروەردەبکات ئەوسا نەوەیەکی گۆشکراوی ڕێبازو ڕێسایەکی جوان کە ئیسلامە لەدایک دەبێت.

٧ _ بابەتێک هەیە کە زۆر کات ئافرەتان سەرکەوتوو نابن تێیدا، ئەویش لە بەرهەمی دونیا وپستی و بە گەورە سەیر کردنی دونیاوەیە، وە ئافرەتانی بالاپۆشیش بێبەش نەبوون لەم سەر نەکەوتنە، ئەویش (پڕۆسەی هاوسەرگیرییە)، هەندێک لە خوشکانی بالاپۆش هەن کە زۆر بە هەڵە لەم بابەتە تێگەیشتوون و، زۆر بە هەڵەش بڕیار دەدەن لەگەڵ کەسانێکدا هاوسەرگیری دەکەن کە، بە داخەوە لە لایەنی دین و ئیمانەوە زۆر لاوازن، بەس تەنها لە بەر ئەوەی گەنجێکی جوانە و چاو و برۆیەکی جوانی هەیە و، قەد و بالایەکی ڕێکی هەیە و خاوەنی بڕوانامەی بەرزەو سەروەت و سامانێکی زۆریشی لە ژێر دەستدایە، ئامادەن هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەن. تۆیەک کە خۆت داپۆشیوە بە پۆشاکی ئیسلام و هەوڵتداوە خوا لە خۆت ڕازی بکەیت، بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت کە هیچ ئینتیمایەکی نەبێت بۆ ئایینەکەت کە هیچ یارمەتیدەرێکت نەبێت بۆ سەرخستنی ئایینەکەت، تۆ کە چەندین ساڵە لە هەوڵ و ماندو بوونداى بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خوای گەورە

بە دەستبهێنیت و بەختەوەری دونیا و دوارۆژ بۆ خۆت دەستەبەر بکەیت، بۆ لەگەڵ کەسێکدا ژیان پێک دەهێنیت کە ئەم هەموو شتە جوان و گرانبەهایەی چەندین ساڵە قوربانیت بۆ داوە و خۆتت پێوە ماندوو کردووە بەهۆی ئەو کەسەوە لە دەست بدەی، تەنها لەبەر خاتری ئەوەی کە خاوەنی مال و سامانێکی زۆرە و ئامادەیە هەموو سەروەت و سامانەکەی ببەخشێت بە تۆ و هەموو شتێکت بۆ بکات، لە کاتێکدا کە سەروەت و سامانەکەی تۆ دین و ئیمانەکەتە، هەموو شتێکی تۆ پیرۆزییەکانی دینەکەتە، بۆ ئەو کەسە دەکەیتە ئاگر بۆ سووتانی خەرمانی کۆکراوەی چەندین ساڵەت. بۆیە خوشکە ئازیز و خۆشەویستەکانم زۆر ئاگادار بن لەم مەسەلەیەدا، چونکە بابەتێکی زۆر گرنگە نابێت بە باق و بریقی دونیا هەڵبخەڵەتێن.

٨ _ ئەم خاڵەشیان هەر لە سەر مەسەلەی هاوسەرگیرییە بۆ ئەو خوشکانەی کە بالاپۆشن، زۆرن لەو خوشکانەی کە بالاپۆشن کاتێک کە داوای هاوسەرگیرییان لەگەڵ دەکرێت بۆ کەسێک دەڵێن مەرجمان تەنها دین و ڕەوشتی کەسەکەیە و هیچی تر کە ئەمە بناغەیەکی زۆر جوان و ڕێکوپێکە،ئەو بناغەیەیە کە، پێغەمبەر(ﷺ) داینناوە، بەڵام بە داخەوە کاتێک کە کوڕێک داوای هاوسەرگیرییان لەگەڵدا دەکات بۆ خۆیان دان بە چاکی و باشی و ڕێکوپێکی کوڕەکە دادەنێن، هیچ کەمو کوڕییەکی ئەو تۆ نابینن لە لایەنی دین و ڕەوشتەوە لە کوڕەکە، بەڵکو لەوانەیە زۆر جار باسی کار و کردەوە باشەکانی کوڕەکەش بکەن بەڵام کۆمەڵێک بڕو بیانوو دەهێننەوە کە لە

ڕاستیدا حەیف و جێگای داخە بۆ هەڵوەشاندن و سەر نەگرتنی پڕۆسەکە، زۆر جار ئەو بەهانەیە دێننەوە کە کوڕەکە لەوانەیە یەک دوو ساڵ یان سێ ساڵ بچووکتر بێت لە ئافرەتەکە، یاخود کوڕەکە دەوڵەمەند نەبێت بۆیە پێی ڕازی نابێت یاخود زۆر جار ئافرەتەکە زۆر بە ژیرانە بڕیار دەدات و ڕازی دەبێت بەڵام ئەوەی دەبێتە بەربەست و سەرنەگرتن و لێک ترازانی کارەکە، داواکارییە زۆرەکانی ئافرەتەکەیە وەکو (ماڕەییەکی زۆر، ماڵ لە سەر مۆدیل، داوا کردنی ئۆتۆمبیل، یاخود لە هەموو گرانتر و سەختتر گواستنەوەی کوڕەکە لە شوێنی نیشتەجێبونی خۆی بۆ شوێنی نیشتەجێبونی ئافرەتەکە) ئەمانە وا لە کوڕەکە دەکات کە ئەو ئافرەتەی لەبەر خاتری خودا هەڵیبژاردبوو، دین و ڕەوشتی بۆ کردبووە بناغە بە ناچاری دەستبەرداری بێت و وازی لێبهێنێت و هاوسەرگیری لەگەڵ نەکات بەهۆی داواکارییە زۆرەکانی ئافرەتەکە تەنانەت زۆر جار بڕیاری هەڵەش بە کوڕان دەدات، ئەویش هاوسەرگیری نەکردنە بۆ هەتا هەتایە، بۆیە ئاگادارببە ئەی خوشکی ئازیزم کاتێک کە کوڕێک دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیریت لەگەڵ ئەنجام بدات وەڕ دەزانی لەبەر ئەوە هەڵیبژاردوی کە باڵاپۆشی و وابەستەی بە دینەوە، وە هەمان سیفەتی دین و ئیمانیش لە ئەودا هەیە بۆ بۆ چەند شتێکی دونیایی کەسێکی وا لە دەست خۆت دەدەیت، ئەوە بزانە ئەو تۆ لە دەست نادات تۆ ئەو لە دەست دەدەیت، چونکە تۆ هۆکاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی کارەکە ئەو کوڕە لەوانەیە ڕۆژگارێک بێتە پێشەوە خوای گەورە ئافرەتێکی زۆر لە تۆ چاکتری بە نسیب

بکات و ئەم داواکارییە زۆرانەی تۆش نەهێنێتە پێش، بەڵام ئەی ئایا ناترسی تۆ لە بەرامبەر ئەم کارەت زللەی میهرەبانی پەروەردگارت بەرکەوێت و کەسێکی تر هاوسەرگیریت لەگەڵ بکات کە سیفەتەکانی کەسی یەکەمجار تێیدا زۆر بە کەمی دەست بکەوێتەوە، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم کە ئاگادار بە تۆ کەسێک بۆ لە دەست دەدەی کە، دەزانی پەزامەندی پەروەردگار لەگەڵیدا بەدەست دێنیت. تۆ خواو دواڕۆژی خۆت بۆ دەگۆڕیتەوە بۆ چەند شتێکی کەمی دونیایی

وەکو لوقمانی حەکیم دەفەرموێت:(دونیا بۆ خۆی کەمە، ئێمەش کەمێکمان لەو کەمە بەر کەوتووە، وە ئەو کەمەش کەمێکی لێماوەتەوە) ئاگادار بە خۆشییەکانی ئەم دونیایە هەمووی لاوەکی و کاتین جوانییەکەی، دەوڵەمەندییەکەی، تەمەنەکەی و گشت شتەکانی تر کۆتاییان پێدێت. ووتەیەکی زۆر جوان هەیە دەڵێت: (باوەش کردن بەم دنیایەدا هەڵە کردنە، چونکە دونیا فلیمێکە کۆتا هەڵقەی مردنە)، بۆیە لە دواین دەستەواژەی ئەم خاڵەدا پێت دەڵێم: "ئاگادار بە مرۆڤێک لە دەست نەدەی کە لەوانەیە قەدەر جارێکی تر پێتی نەبەخشێتەوە" .

٩ ـ بابەتێکی تری پێویست لایەنی (پەروەردە) یە، پەروەردە کردنی منداڵ ئەرکۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا لە گەورەترین قەیرانداپە بابەتێکە کە پەراوێز خراوە نە بە گرنگییەوە باسی لێدەکرێت و نەوەکو پێویستیش کاری بۆ دەکرێت، ئەی خوشکی بالاپۆشم ئەو منداڵەی کە ئەرکۆ خودا پێی داوی یان ان شا و اللە لە

داهاتوودا پێت دەبەخشێت پێویستە زۆر ئاگاداری پەروەردە کردن و گەورە کردنی بیت، ئاگاداربە لە پێناو دەوامکردنت لە فەرمانگەیەکی حوکمی بۆ پەیدا کردنی چەند موچەیەکی کەم یان زۆر پەروەردەی منداڵەکەت لە بیر نەچێتەوە ئەمڕۆ کۆمەڵگەکەمان کە لەگشت بوارەکاندا کەوتووەتە قەیرانەوە یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکان نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروستە، باوەڕ بکە لە ژێر خێمەیەکدا بژیت و نان و ئاوی ووشک بخۆیت لە پێناو جوان پەروەردەکردنی منداڵەکانت زۆر سەر بەرزانەتر و گەورەترە بۆت کە لە خانووی سێ قات دابیت و هەموو ژەمێکیشت پارووی چەور بێت بەڵام نەوەیەکی پڕ ئاشوب و شەڕانگێز بخەیتەوە. خوشکی ئازیزم خۆتان بە کەم مەزانن ئێوە مامۆستای پەروەردە کردنن دەبێت وا لە دەوروبەرتان بکەن چاوتان لێکەن و پرستان پێبکەن و لێتان فێربن، ئێوەن کە دەتوانن کۆمەڵگاکەمان هۆشیار کەنەوە و سەر لەنوێ دروستی کەنەوە، هەر ئێوەن کە، دەتوانن ئەوەی خراپە چاکی کەنەوە، ئەوەی ڕوخاوە بینای کەنەوە، ئەوەی بڵاوە کۆی بکەنەوە، ئەوەی لایداوە ڕاستی کەنەوە بە بەخشینی پەروەردەی جوان بە نەوەکانتان. بێگومان هەموو کارێکیش زانست و لێزانینی خۆی دەوێت بۆیە پێویستە لە بواری پەروەردە کردنیش خۆمان دەوڵەمەند و شارەزا بکەین هەروەک لە خاڵی پێنجەم ئاماژەم پێکرد دەبێت شارەزاییمان زیاتر فراوان بکەین، زیاتر خۆمان پڕ چەک بکەین بە زانست و زانیاری بۆ ئەوەی بتوانین هەنگاوی باش هەڵگرین لە بواری پەروەردەدا، وە لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ

زۆر بە جوانی باس لە پەروەردەکردنی منداڵ کراوە دەبێت ئاگاداری تەمەنی نەوەکانمان بین، چونکە هەر قۆناغێک و هەر تەمەنێک جۆرێکی تایبەت لە پەروەردە کردن و مامەڵە کردنی پێویستە بۆیە جارێکی تر پێویستە بگەڕێینەوە بۆ شارەزایی لە ئایینەکەمان.

١٠ _ کۆتا تێبینی و کۆتا خاڵم ئەوەیە ئەمانەی باسمان کرد کاتێک دەتوانین جێبەجێیان بکەین کە دەست بەرداری حەز و ئارەزووە دونیاییەکانی نێو دڵمان بین و خۆمان تەرخان بکەین بۆ خزمەت کردنی ئایین و گەل و وواڵتمان، هەروەها بەردەوام و دامەزرا و بین و دەست بگرین بە هۆکارەکانی دامەزراوی و دانەبڕوای لەوانە هاوڕێی چاک و خوێندنەوەی کتێبی باش و بیرکردنەوە لە تەمەنی ڕۆیشتوومان و نزیک بوونەوەی مردنمان، هەروەها بیر کردنەوە لە ژیانی گۆڕ و ڕۆژی دوایی، تەرازووی قیامەت و سەر پردی سیرات و خۆشییەکانی بەهەشت و ئازارەکانی دۆزەخ، تامەزرۆیی گەیشتن بە هاوەڵان و پێغەمبەر(ﷺ)، نۆشینی ئاوی کەوسەر و لە سەرو هەموشیانەوە شادبونمان بە دیداری خوای گەورە.

دوایەمین وێستگا مردن

بیرت نەچێ خوشکەکەم بەر لەوەی چاوەکانت بۆچەند چرکەیەک داخەی ڕۆژێک دێت بۆ هەتا هەتایی چاوت لەم دونیا دادەخەیت و مالئاوایی لە شتە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دونیا دەکەیت، ڕۆژێک دێت مردن دەبێتە میوانت هەرگیز دەربار بوونت نییە، سەیر لەوەدایە لە پڕێکا دێت بێ ئەوەی مۆڵەتت بدا خۆی ئەکا بەژووراو، باکی نییە میوانت هەبێ یان تاقی کردنەوە یان فلیمی ئەمڕۆت لەدەست دەچێ دەبێت لەگەڵییا بڕۆیت، لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ فریشتەی گیان کێشان (ملک الموت)، پەروەردگار کاتی زۆری پێبەخشی بەڵام نەتتوانی بەباشی بەکاری بهێنی بۆیە کاتت بەسەر چوو هەروەک و کاتی تاقی کردنەوەی قوتابخانە کاتەکەت بەسەر چوو دەفتەرەکەی بەر دەستت لێ دەسێنن،

بەڵام تاقی کردنەوەی قوتابخانە قەرەبوو دەکرێتەوە و دەرفەتێکی ترو تاقی کردنەوەیەکی ترت لەپێشە بۆ دەرچوون هیچ نەبێ بە دریژایی ساڵی خوێندن کاتت لە پێشە، بەڵام

مردن یەک جارەو هاتنەوەت نییە بۆ دونیا هاوارپێش بکەیت گەڕانەوەتە نییە دەبێت لە گەڵیدا بڕۆی. چاوەڕوانت ناکات جێگکی نوێ لەبەرکەی و قژت دابێنی، کاتی ئەوەت ناداتێ مالئاوای لەکەس و کارت بکەیت و سەردانی خزمانت بکەیت. بیرتچوو مردن و گۆڕ هەیە و لەودیو شوراکانی ئەو گلەیشەوە دنیایەکی دیکە هەیە، عاقیبەت خێری یان شەڕی هەیە؟ بیرتچوو خوشکەکەم بەهەشت و دۆزەخ هەیە، پاداشت و سزا هەیە؟ هەر چیت حەز پێیە هەناسەی هیوای بۆ هەڵبکێشە، چیت لا پەسەندە ئەنجامی بدە، بەڵام یەک شت بزانە خوا ئاگای لێتە، سات بە سات و چرکە بە چرکەی ژیانت لە سەر حسابە، یەک بە یەکی هەناسەدانەکانت ژمێردراون، ئەوەی دەڕوا نایەتەوە، هەست ناکەیت شەو و ڕۆژەکانی تەمەن چەند بەخێرایی بە جێمان دێڵن؟

ڕێگەم بدە لێت بپرسم: چت ئامادە کردووە بۆ سەفەر؟ سەفەری مەرگ، سەفەری ڕۆیشتنەوە بۆلای خودا، سەفەری بەجێهێشتنی هەموو ئەو شتانەی دڵت وابەستە کردووە پێیانەوە و ساتەکانی تەنهایی ناو گۆڕیان لە بیر بزدبوویتەوە، چیت پێش خۆت خستۆوە بۆ ئەوێ؟ نوێژ یان گوناە؟ ڕۆژوو یان خەمی دنیا؟خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر(ﷺ) یان کچانی گۆرانی بێژ و هونەرمەند؟

ئەوە مردنە بەڕەیی بەمندالی ناو لانک نایەتەوە، ئەوە مردنە باکی نییە و جوانیەکەت هیچ کاریگەری نابێت لەسەری ..... مردن ئەو ساتە وەختەیە کە هەرگیز ناتوانی لەخشتەی

بەری و فریوی دەی خوشکەکەم مردن جیاوازی ناکات لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند، گەورە و بچوک، مردن دەسەلاتدار و بێدەسەلات وەک یەکە لای، لەش ساغ و نەخۆشی بۆ نییە، بەڵکو هەندێک جار گەنج پێش پیر، دەوڵەمەند پێش هەژار، لەش ساغ پێش نەخۆش دەمرن. کاتەکان دیار نین بۆکەسمان یەک چرکە ساتیش دواناکەوێت لە میوان داریمان، تەنها چوار پیتە (م،ر،د،ن) بەڵام کاتێ یەکدەگرن دنیا هەراسان دەکەن، هێز ناناسێ، پشتیوانی ناناسێ، هیچ بەربەستێ ڕێگەی پێناگرێت ئەگەر خۆت لەناو قەڵایەکی پۆڵاینیش حەشار دابێ هەردەت گاتێ.

خوشکی بەڕێزم ئایا بیرت لەیەکەم شەوی گۆڕ نەکردووەتەوە؟ تا دوێنێ بوو لەگەڵ خوشک و براکانتدا لەخۆشیدا بووییت و ژیانت بەسەردەبرد بەڵام ئێستا لەگەڵ کرمدا ژیان دەبەیتە سەر، تادوێنێ بوو ژوری خۆش و ڕوناک و ڕازاوە شوێنت بوو، بەڵام ئێستا تاریکی باڵی کێشاوە بەسەر لاشەتدا، خوشکی ئازیزم کاتێ باڵاپۆش نیت بیر لەیەکەم شەوی گۆڕ بکەرەوە، بیر لەکاروانی سەختی ڕۆژی دوایی بکەرەوە، کە، ئێتر مردن بەسەرتدا نایەت یان بۆ بەهەشتە یان بۆ دۆزەخ. خوشکی ئازیزم ئەو ژەوییەی بەسەریدا دەڕوێت دەڵێت: ئەی نەوەی ئادەم بەسەر پشتمدا دەڕۆیت، بەڵام چارەنوست ناو سکمە.

دەڵێت: ئەی نەوەی ئادەم جۆرەها خواردنێ بەتام و نایاب لەسەر پشتم دەخۆیت، بەڵام کرم دەتخوا لەناو سکمدا.

دەڵێت: ئەی نەوەی ئادەم تاوان دەکەیت لەسەر پشتم بەڵام دەبێت سزاکەی بچێژی لەناو سکمدا .

هاتنی مردن بەکەسایەتی و کات و سات نییە منداڵ بێ یان گەورە، کچ بێ یاخود کوڕ، هەژاربێ یاخود دەوڵەمەند، دەسەڵاتداربێ یاخود بێدەسەڵات، قازانجی مامەڵەکەی دەست کەوتبێ یاخود نا، بۆ دواجار ئازیزەکەی خۆی بینیبێ یاخود نا، لەسەرت ناوەستێ لەکاتی خۆیدا هەر هەمووی دەبێت بچێژیت تامی مردن، ئەی نەت پرسیوە خوشکی بەڕێزم هەر لەم دونیا دوای مردن چیت لێدێت؟ ئەو دەم و چاوەی ڕۆژانە چەند جار لەبەر ئاوێنە تەماشات دەکرد نە با گەردێک یان پەڵەیەک یان تەنێکی بێگانە لەسەری نیشتبێت و ناشرینی کردبێت، بەڵام ئەوەتا لەناو خاکدا کرمەکان بەبێ منەت زانین کردوویانە بەخۆراکی خۆیان، بەڕاستی خۆراکێکی گرانبەهایە بۆ ئەوان، چونکە بە جوانی دونیا ڕازێنراوەتەوە و خانەکانی پڕکراوە لەمادەی جۆرا و جۆری ئارایشت و جوانکاری دەست کرد، حەیف سەدان حەیف بۆ تۆ خوشکەکەم کەوا جڕو جانەوەرەکانی ناو خاکیش بۆ ئەو تەمەنە کورتە خۆراکی خۆیان دەست کەوت لە ڕوخسار و لەشولاری تۆ، کە، چی تۆ هیچ خۆراکێکت نەخستە تۆشووەکەتەوە بۆڕێگە دوور و درێژەکەی ڕۆژیی دواینی.

با لەکۆتایی ئەم گەشتەدا پرسیارێک لەخۆمان بکەین، کێ سەر کەوتووە لەو ڕۆژەی کە مردن یەخەی دەگرێت؟ ئەوکەسەی کە بەدوای هەواو هەوەس و ئارەزووەکانی کەوتووە و گوێی

بەحەرام و حەلاڵ نەداوە؟ یان ئەو کەسەی کە بە کردەوەی باش و بەندایەتی بۆ خوا کردن و خۆپارێزی لە هەواو ئارەزووە شەیتانیانیەکان، خۆی بۆ مردن ئامادە کردووە؟ خۆت سەر پشک بە لەوەلامەکەی کامیانت بەسەرکەوت و زانی تۆش وەک ئەوکە .

خوشکی بەڕێزم مۆدێلاتی دونیا وای لێ کردوویت گوێ بۆ ئەم قسانەم نەگریت و بەقسەم نەکەیت چونکە دڵت پێی تەنگ دەبێت وانییە؟ ناحەقت نییە، چونکە دڵی خۆت پەردەپۆش کردووە بەهەواو ئارەزووە سادەکان، ئارەزووی خۆتە گوێم بۆ دەگریت و بە قسەم دەکەیت یان نا بەڵام دڵنیابە مردن ڕۆژێک دێت بە سەرتا لەوانەشە بڵێی هێشتا گەنجم تاپیر دەبم خوا کەریمە ئەوکاتە خۆم بۆ مردن ئامادە دەکەم، بەڵام چاک بزانە ئەم قسانە لەدڵێکی دڵسۆزانەوە دەخەمە بەر گوێت زۆر گەنج شەو خەوتن لە خەیاڵدابوون بەیانی هەستن و دەستی بۆکە قەشەنگەکەیان بگرن و ژیان دروست بکەن بەڵام چۆن خەوتن جارێکی تر هەڵنەستانەوە، ئاگادار بە ئەوە مردنە مردن

خوشکەکەم دەرگای بەزەیی پەروەردگار کراوەیە بۆت

خوشکی ئازیزم.... دەرگای بەخشندەیی و میهرەبانی خودا.... دەرگای سۆز و بەزەیی پەروەردگار لە سەر پشتە، ئەو دەرگایەی کە خوا گیان بەڕووی هیچ بەندەیەک لە بەندەکانی دانەخستووە و بۆ بەندەکانی کردووەتەوە ئەو دەرگایەی کە ڕۆژانە بە سەدان بەندە لە بەندەکانی پەروەردگار ڕێگەی کاروانیان گرتووەتە بەر و بەڕێدەکەون بەرە و ئەو دەرگا فراوان و پان و بەرینە، بە دڵێکی پڕ لە کول و بە چاوی پڕ ئەسرینەوە دەستەکانیان بەرەو بارەگای پەروەردگار هەڵدەبڕن و بە دروشمی ((پەشیمانم ئەی خودایە من گەرامەوە بۆلات)) یەکەم هەنگاویان دەنێن، خواگیانیش بەو پەڕی خۆشەویستی و دڵۆڤانییەوە باڵی ڕەحمەتی بۆ ڕاخستون و فەرمویان لێ دەکات و بەرە و پیریان دێت، بەڵکو لەلای پەروەردگار زۆر خۆشەویست و پلە بەرزترن لە کەسانێک کە تەقوادارن..... بڕوا بکە خوشکەکەم ئەگەر کەسێک بە ڕۆژ بەڕۆژوو بێت و بە شەو شەونوێژ بکات و قورئان

بخوێنێت و خۆی بە دوور بگرێت لە گوناهو تاوان بەندەیەکی تەقواداری دامەزراو بێت، ئەمە کەسێکە پەروەردگار زۆر زۆری خۆش دەوێت، وە ئەگەر کەسێک تاوانێکی زۆری کردبێت لە هەموو جۆرە تاوانێک هەر لە شیرک و داوێن پیسی و نوێژ نەکردن و ئیهانە کردنی ئیسلام و سفوری و چەندەها تاوانی تر، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە تاوانبارە تەوبە و پەشیمانییەکی ڕاست بەرامبەر پەروەردگاری دەربببڕێت و واز لە تاوان بهێنێت ئەوا ئەم کەسە تەوبەکارە پلەی لەو کەسە بەرزترە لای پەروەردگاری کە عیبادەتێکی زۆر دەکات و تەقواداره. بڕوا بکە خوشکە بە شەرم و حەیاکەم خوای گەورە خراپەکانی ئەو تەوبەکارە هەمووی دەگۆڕێت بە کردەوی چاک هەروەکو بۆ خۆی لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

{ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُولَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا } [الفرقان ﴿٧٠﴾]

واتە: ((مەگەر ئەو کەسەی تەوبە بکات و باوەڕ بهێنێت و کار و کردەوەی چاک ئەنجام بدات، ئا ئەو جۆرە کەسانە خوا کاروکردەوە خراپەکانیشیان بۆ دەگۆڕێت بۆ چاکە، چونکە هەمیشەو بەردەوام خوالێخۆشبوو میهرەبانە (بەرامبەر خەڵکی بەگشتی و وە ئەو جۆرە کەسانە بە تایبەتی))) ئەها بەزەیی پەروەردگار چەندە فراوانە سەیرکە پەروەردگار لەو هەموو هێز و دەسەڵاتەیدایە، لەو هەموو دەوڵەمەندییەدایە کە هیچ پێویستییەکی بە من و تۆ نییە بەڵام ئەو ئێمەی خۆش دەوێت ڕێزی لێمان ناوە بە پیرمانەوە دێت. بیرکەرەوە

لە ژیانتدا کەسێک هەبووە بەو شێوەیە تۆی خۆش بوێت، کەسێک هەبووە ئا بەو چەشنە لە هەڵە و کەم و کوڕییەکانت ببوڕێت و پلەیەکی زۆر بەرزت پێ ببەخشێت، چی تاوان و خراپەی کردووشتە بۆت بگۆڕێت بۆ خێر و چاکە ئەوەی نائومێدی و ڕەشبینی بێت بەرامبەر بەوەی ئایا لێت خۆش دەبێت یان نا لە هزر و بیروبۆچوندا نەهێڵێت ئەوەتا خواگیان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

{ قُلْ يَعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ } [الزمر ﴿٥٣﴾]

واتە: ((ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ:خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم ... ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و هەڵەی زۆرتان ئەنجام داوە نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، (چونکە بەڕاستی ئێوە ئەگەر تەوبەی ڕاست و دروست بکەن) خوا لە هەموو هەڵە و گوناهەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بەڕاستی ئەو خوایە لێخۆشبوو و لێبوردەیە و بەسۆز و میهرەبانیشە)) بڕوا بکە خوشکەکەم خوای گەورە ئەوەی زۆر پێناخۆشترە لە تاوانەکانت ئەگەر بێت و نائ ومێد و ڕەش بین بیت بەرامبەر بە سۆز و بەزەیی پەروەردگار و بڵێی خوا لێم خۆش نابێت.

خوشکی ئازیزم ..... شەیتان ئەگەر تاوانێکی ئێجگارەزۆری پێ کردوی و ئەو هەموو تەمەنە جوانەی پێ بە زایە داوێت، مەهێڵە ئەم تاوانەشت پێ بکات و ئەم هەلەت لە دەست بدات و بێتە ناو میشک و دڵتەوە و، پێت بڵێت تۆ هێندە خراپەکاری و هێندەت تاوان کردووە مەجالی ئەوەی تێدا نەماوە خوای

گەورە لێت خۆش بێت. گوێ بۆ ئەم بەسەرهاتەبگرە ئەی خوشکی خۆشەویستم

لە سەردەمی حەزرەتی موسادا (سەلامی خوای لێبێت) ماوەیەک باران نەدەباری حەزرەتی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) پارایەوە لە خوای گەورە کە بازانیان بۆ ببارێنێت خوای گەورەش وەحی بۆ حەزرەتی موسا کرد (سەلامی خوای لێبێت) پێی فەرموو: ئەی موسا هەرچەند دوعا بکەیت بارانتان بۆ نابارێنم چونکە لە ناو ئومەتەکەتدا پیاوێکی تێدایە چل ساڵە دژایەتی من دەکات. تا ئەو پیاوە لە ناوتاندا نەڕوات بارانتان بۆ نابارێنم، حەزرەتی موساش (سەلامی خوای لێ بێت) ڕۆیشتەوە ناو خەڵکەکەو پێی فەرموون: خوای گەورە دەفەرموێت بارانتان بۆ نابارێنم، چونکە پیاوێکتان لە ناودایە چل دانە ساڵە دژایەتی من دەکات هەتا ئەو نەڕوات لە ناوتاندا بارانتان بۆ نابارێنم، ئا لەو کاتەی حەزرەتی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) ئەوەی بۆ خەڵکەکە دەگێڕایەوە ئەو پیاوەش کە چل دانە ساڵ دژایەتی خوای کردبوو لە ناو خەڵکەکەدا بوو کە، حەزرەتی موسا (سەلامی خوای لێ بێت) ئەمەی بۆ گێڕانەوە پیاوەکە زانی کە خۆیەتی. دواتر خوای گەورە بارانی بۆ باراندن حەزرەتی موساش (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی ئەی خودایە خۆ هیچ کەسێک لە ناو ئومەتەکەم نەچووە دەرەوە ئەم بارانەت چۆن بارند؟ خوای گەورەش فەرمووی: ئەی موسا لەو کاتەدا کەتۆ باسەکەت بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە ئەو پیاوەی کە بۆ چل ساڵ دژایەتی دەکردم لە ناو خەڵکەکە دابوو، زانی ئەو پیاوە خۆیەتی بۆیە تەوبەی

کرد و گەڕایەوە لە تاوان کردن و وازی لە دژایەتی کردنم هێنا، حەزرەتی موساش (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی: ئەی خودایە دەپێم بڵێ ئەو پیاوە کێیە با بیناسم، خوای گەورەش فەرمووی: ئەی موسا ئەوپیاوە بۆ ماوەی چل دانە سااڵ دژایەتی کردم ئابڕوێم نەبرد، ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ الم دەتەوێت ئابڕوی بەرم، ئەوە کەسێکە تۆزێک لە پلەی پێغەمبەرایەتییەکەی تۆ پلەی کەمترە، ئەم بارانە ڕەحمەتەم لەبەر ئەو باراندووە.

ئالەم بەسەرهاتەوە زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کەسی تەوبەکار چەند خۆشەویستە.....چەند ڕێزدارە.....چ پلەو مەقامێکی هەیە لای پەروەردگار، وە خوای گەورە چەندە بەخشندە و میهرەبانە، سۆز و بەزیی خودا چەندە فراوانە، ئەوەتا ئەو پیاوەی کە چل سااڵ دژایەتی خوای کردبوو کاتێک تەوبەی کردوو گەڕایەوە جگە لەوەی کە خوای گەورە لێی خۆشبوو ئەو ڕێز و گەورەییەشی پێدا کە پلەکەی بە شێوەیەک بەرز کردەوە شتێک لە پلەی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موسا (سەلامی خولی لێ بێت) کەمتربوو، وە خوای گەورە کردییە هۆکاری دابەزین و هاتنە خوارەوەی بارانی پڕ ڕەحمەتی خۆی.

خوشکی ئازیزم ..... چ تێڕوانینێکت هەیە بۆ پلە بەرزی تەوبەکار؟....چ هەستێکت لەال دروست دەبێت بەرامبەر بە بەزەیی و میهرەبانی پەروەدگار؟ یان هیچ خوێندنەوەیەکت لە ناخدا دروست نەبووە بۆ ئەم بەها گرانەی تەوبەکار؟

یان إن شاء الله تۆش بە نیازی ببیت بە یەکێک لە کاروانچایانی ڕێگەی گەڕانەوە و تەوبەکاری.....وازهێنان لە تاوان و خراپەکاری ..... چەشتنی شیرینی ئیمان و ڕزگاربوون لە ژیانی پڕ دەردەداری.

بەڕاستی دل گوناە نەخۆشی دەخات تەنها تەوبە کردنیش دەتوانێ چاکی بکاتەوە و لەو ونبوونەی ڕزگاری بکات، چونکە لە ئامێزی تەوبەدا دەتوانی تام و چێژی لیقای پەروەردگار بکەیت ئەو خوایەی ئەو پەروەردگارەی کە لە هەموو گوناهو تاوانێک خۆش دەبێت و تەوبەی بەندەکانی قبوڵ دەکات، ئەو بەندانەی کە تاڵاوی دابڕان و دوور لە خوایی چوو بە گەرویاندا و سەرگەردانی کوچەو کۆڵانە تاریکەکانی نائومێدی بوون، ئەو بەندانەی کە ڕوحیان تووشی قەیرانێکی گەورە بووە دەرگای ئاسودەیی و بەختەوەرییان لێ داخراوە، ئەو بەندانەی دوای ئەوەی بە تەواوی یەک پارچە تاریکاییان بە سەر دەروونی خۆیاندا هێناوە و خەریک بوو بە یەک لەحزەی کەم کۆتایی بە ژیانیان بێنن .

تەوبە: دەرگای ئومێد و هیوای هەموو ئەوانەیە کە دەیانەوێ دوای تاقیکردنەوەی ئەزمونی دوور لە خوایی بێنەوە ئامێزی پڕ میهری خودا پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە دەرگای تەوبەی لە سەر دانەخستین و لەم شانۆیەی ژیاندا لە گۆشەیەکی زەمەندا فەرامۆشی نەکردین، کەواتە ئەی خوشکەکەم ژیان هیچ تام و لەزەتێکی نییە بەبێ تەوبە.

تەوبە: هەست و سۆزێکە کە نەخشەی ڕێگای هیوا بۆ مرۆڤ دەنەخشێنێت.

تەوبە: ڕزگارکەرێکە ڕزگارت دەکات لە کۆت و بەندی هەواو ئارەزووەکان، لە کەلەپچە و زنجیری ئارەزووە بێ بەهاکان.

تەوبە: ئەو کەشتییە ڕزگارکەرەیە کە لە ناو شەپۆلەکانی تاوان دەتبات بەرەو کەناری ئارامی و حەسانەوە.

تەوبە: لە هاوەڵێتی شەیتانی نەفرەت لێکراو جیات دەکاتەوە و پەروەردگار دەکات بە هاودەم و خۆشەوستی دڵت .

تەوبە: ئەو دڵەی کە کردبووتە گۆڕەپانی خراپەکاری و یاری کردن بە هەست و بەها جوانەکان، ئەو دڵەی کە بەهۆی تاوان و دوور لە خوایی کردبووتە شەوەزەنگی تاریکایی، تەوبە ئەو دڵەت بۆدەکات بە مەیدانی خۆشەویستی پەروەردگار، پڕی دەکات لە نوری هیدایەت و شەوقی ئیمان.

تەوبە: خەندەی سەر لێوەکان و لێدانی ئەو دڵانەیە کە لە حەسرەت و ئازاردا لەت بوون، چۆن لەت نەبێت! لە کاتێکدا تاوانەکانت لە نێوان تۆ و زاتێکدایە کە دەبینێ و ئاگاداری ورد و درشتی ئەو کارانەیە کە لاشەکەت ئەنجامی داوە و لە پەڕاوێکدا لەلای خۆی هەمووی نووسراوە و هیچ شتێکی لێنەپەڕێنراوە و هەمووی وەک خۆیان نووسراوەتەوە. بەڵام ئەو پەروەردگارێکی بەخشندە و بەلمیهڕبانە، کێ هەیە هێندەی ئەو بەخشندەبێت؟ لە کاتێکدا دروستکراوەکانی لێی یاخی دەبن و سەرپێچی لە فەرمانەکانی دەکەن، بەڵام ئەو

دەرگای لێخۆشبوونی خۆی هەر بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، چاودێریان دەکات و ئاگای لێیان دەبێت، هەروەکو ئەوەی هیچ سەرپێچییەکیشیان لێ نەکردبێ، دەیانپارێزێ و کاروباریان بۆ هەڵدەسوڕێنێ وەکو ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان تاوانێکیان نەکردبێ .

کێ هەیە داوای لێ کردبێ و پێی نەبەخشیبێ؟

کێ پێویستییەکی پێی هەبووە ئەو دەستی لێ بەردابێ؟

ئەی کێ لە دەرگای ڕەحمەتی ئەوی داوە و ئەو دەستی بە ڕووەوە نابێ؟

بە تەنها ئەو خاوەنی سۆز و بەزەیی بێ پایانە و لە بەخشندەیی خۆیەوە لە تاوانباران خۆش دەبێ و وەڵامی ئەو دەستانە دەداتەوە کە بەرەو لای ئەو بەرزکراونەتەوە.

خوشکەکەم..... واز لە فرمێسکی بێ هیوایی بێنە، وەرە فرمێشکی خۆشی و شادمانی بڕێژە بۆ ئەم ژیانە تازەیەت، خێراکە و دەست پێشخەری بکە و تەوبەکەت دوا مەخە، پەلە بکە بەرلەوەی فرسەتت لە دەست چێت.

وەرە با پێکەوە گوێ بگرین بۆ چیرۆک و بەسەرهاتی ئەم خوشکە دوای ئەوەی ترس و تاڵی تاوانی چەشت و لە ناو زەلکاوی تاوان و خراپە تا ئاستێ مەست بوون چەقیوە و دەروونی توانای نەما و ڕوحیە ماندووەکەی زەنگی ئاگادار کردنەوەی لێدا تەوبەی کردووە و دەڵێت: (ویستم بمرم و

هەوڵمدا خۆم بکوژم، چەند دانە حەبێکم خوارد تووشی ژەهراوی بوون هاتم بەڵام نەمردم، دەمانچەی براکەم برد و هەموو شتێک ئامادەبوو بۆ ئەوەی لە میشکی خۆمدا بەتاڵی بکەمەوە، بەڵام دایکم خێراتر لە پەنجەکانم گەیشتە سەرم و نەیهێشت بیتەقێنم. هەموو کات لە خۆم دەپرسی باشە بۆچی من ئەم ژیانەی خۆمم بە دڵ نییە؟ تا ئەو کاتەی لە شوێنی کارەکەم خوشکێکی باوەڕدارم ناسی. ئەم خوشکە لە قسەکانی بەردەوام دەبێ تا ئەو جێگەیەی دەڵێ: ئیتر دەستم کرد بە نوێژ و وازم هێنا لە تەلەفزیۆن و گۆرانی حەرام، وێنەکانی ژورەکەمم هەر هەمووی دڕاند و دەستبەرداری هەموو حەرامێک بووم، ئێستاش ئەوەتام لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە بە یارمەتی خودا دۆزیومەتەوە و ژیانی پڕ لەخەمم پێ شاد کرد. ئەمە بوو ئەو شتەی کە بەدوایدا وێڵ بووم و ئومێدی دۆزینەوەیم دەکرد، هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەو ئارامیە دەروونیە گەورەیە لە نوێژدا بێت، خۆم تورە دەکرد لەو کەسانەی کە دەیان ووت: حیجاب دڵ دەکات بە شاری بەختەوەری، وامدەزانی بردنەوەی گرەوی دڵی خەڵکی و هەرزەکاران ئەو خۆشبەختیەم بۆ دەستە بەر دەکات. من نەمدەزانی هاوڕێکانم وایان تێگەیاندم هەر لە سەرەتاوە باسی دین و خوا و بەهەشت و دۆزەخ و حیجاب و هەموو شتێکی ئیسلامیان لا ناشرین کردم، بەڵام ئێستا ڕاستیم دۆزیوەتەوە، ئەمە ئەو مۆدێلەی ژیانە کە دەمەوێ بیکەمە پەیڕەو بۆ خۆم و لەسەری بڕۆم، ئیتر نامەوێ بگەڕێمەوە بەرەو دواوە، دەمەوێت خوا لە خۆم رازی بکەم و نەهێڵم تووڕەبێت. خوشکە دینداڕەکانم فرمێسکەکانم یەک بە یەکیان

پڕن لە تام و چێژی خوا پەرستی و دەروونیشم نەسیمێکی پاکی ئەو تۆی تیا دەگەڕێ، لەوەتەی هاتوومەتە ئەم دنیایە هەناسەی وەهام هەڵنەمژیوە، نیگای چاوەکانیشم تەوبە و ترسی تەماشا کردنی حەرام کراوەکانی تیادا دەخوێنرێتەوە، من دەمەوێ تۆش بۆچوونی خۆتم پێ بڵێیت، بەڵام پێش ئەوەی هیچ بڕیارێکم بەسەردا بدەی، تکات لێدەکەم ئەوەت لە یاد بێ کە خوا تەوبە وەر دەگرێت و منیش بەندەیەکی تەوبەکارم، خوایش ئاگاداری ئەم قسەیەمە)).

خوشکە گیان ... ئەی گەوهەری کۆمەڵگاکەم... ئەی بەهادار و شەونمەکەی بەری بەیان .... داوات لێ دەکەم ئەم ڕازو نیازەم لێ وەرگریت. ئەمانە تەنها ووشە ڕیز کردن نین وە تەنها مەرەکەب سەرف کردن و پەڕەی سپی پڕکردنەوە نین، بەڵکو هەموو بۆ تۆن و بۆ خۆشی و شادی تۆن، مەگەر تۆ خۆشی و شادیت ناوێت؟

بۆ ئاسودەیی و کامەرانی تۆیە، بۆ ئارامی و حەسانەوەی تۆیە، مەگەر تۆ ئەمانەت ناوێت؟ بەدوایاندا وێڵ نیت؟ هەموو هەوڵ و کۆششێکی ژیانت بۆ ئەوە نەبووە کە ژیانێکی پڕ شادی و ئاسودەییت هەبێت؟ مەگەر نەتویستووە لەژێر سایە و سێبەری بەختەوەریدا بحەسێیتەوە؟ بێگومان وەڵامەکەت بەڵێ دەبێت.

ئەم نوسینانە ... ئەم ووشە و دەستەواژانە ... ئەم هەموو پەیڤە ڕەنگینانە دێن و دەیانەوێت ببنە هۆکاری ڕزگار بوونت، دەیانەوێت لەناو دەریای تاواندا هیچی تر مەلە نەکەیت،

دەیانەوێت پێی چەقیوت لەناو قوڕولیتەی تاواندا دەربهێنن و بتهێننەوە سەر راستە شەقامی ژیان، نایانەوێت هیچکە لە بیابانی دور لە خوایی بەجێ بهێنیت، نایانەوێت هیچکە تۆ ژێر دەستەی هەواو نەفس و پلانە گلاوەکانی شەیتان بیت، بە جۆرێک کەتەلۆکێکی وای ژیانیان بە بەردا کردوی کە ئاوات بە مردن بخوازیت.

بڕوا بکە شەیتان نەخشە و پلانەکانی زۆر لاواز و بێ هێزن هەر وەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت { إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا } [النساء ﴿٧٦﴾]

واتە: ((بەڕاستی پیلان و تەڵەکەی شەیتان پووچ و لاوازە)) شەیتان هیچی پێ ناکرێت ئەگەر تۆ سەنگەری لێ بگرێت، تۆ چەکی قورئانت پێیە، لە ناو شورای ئیماندای، دەروازەی تەوبەت لە بەر دەمە، ئیتر چۆن شەیتان زاڵ دەبێت بەسەرتدا.

خوشکی ئازیز و خۆشەویستم من زۆرم بۆ نووسیت..... زۆرم پێ ووتیت، ئینجا نۆرەی تۆیە، ئەگەر تاکو ئێستا وەکو خوشکێک گوێگر بوویت ئەوا لە ئێستاش بە دواوە هەروەکو خوشکێکی بە وەفا پەیڕەویکە، کەش و هەوای ژیانت بگۆڕە و بەرنامەیەکی تازە بۆ ژیانت دابنێ، خۆری چەند ڕۆژ ئاوا بووە و بێ سەر و شوێن ماوە دڵی تۆ، چەند جار تاریکی شەو باڵی کێشاوە بەسەرتاو تۆ لە گوناهدا بوویت، دە ئینجا ئیسراحەت بەو ڕوحە ماندووەت بدە، با ئازاری دەروونت هیچکە کڵپە نەکات و سوێی بێتەوە بۆ تەنها ساتێک ئارامی، دە بڕیارێکی تازە بۆ ژیانت بدە.

هەستەو ڕووت ڕووەو خودا و بنێ و شەیتان وێڵ کە و ئیتر مەهێڵە هیچکە تۆزێک ئومێدی خراپەی پێت هەبێت، هەستە و دوای مەخە با ئەم هەلەشت لە دەست نەچێت، بڕۆ دەست نوێژێکی جوانی بۆ بشۆ و بەرمالەکەت ڕوکە قیبلە و دوو ڕکات نوێژی (إستغفار) ی بۆ بکە و دوای تەواو بوونی نوێژەکە دەستەکانت بەرە و بارەگای خوا بەرز کەوە و لە دەرگای سۆز و میهرەبانی خوا بدە و دڵنیاشبە ئەویش گوێی بۆ گرتویت و وەرت دەگرێتەوە و، تەوبەت لێ قبوڵ دەکات و قەڵەمی لێخۆشبوونی خۆی بەسەر گشت تاوانەکانتدا دێنێت. بپاڕێرەوە لە خودا و بڵێ: ئەی خوایە گیان ... تین و تاوی گوناهباری هێناومێتیە بەر دەرگای تۆ، ترسی گۆڕ و چارەنوسم بیری تۆی هێناومەتەوە بڵێ: پەروەردگار لۆمە و سەرزەنشتی دەروونم پەلکێشی کردم بۆ لای تۆ و

ئاگری بەردایە دڵم لە ترسی ڕۆژی دیداری تۆ، هێندە گریام خەریک بوو ئاوی چاوم دابێت.

ئاە .... خوایە گیان چەند گوناهبارم

بڵێ: ئەی خوایە گیان ....

لەگەڵ شەیتان دا گەشتی هەموو تولە ڕێ و خراپەیەکم کردووە، تەنها ڕێگەی ڕاست نەبێ هیچی دەربارە نازانم.

ئیبلیس هەمیشە مامۆستام بووە و لە ڕێگا و کاروانی گومڕاییمدا هەر کاتێ وێستبێتم تەوبە بکەم پێی دەوتم: نەکەی تەوبە نەکەی خوا سەیری دڵ دەکات.

ئاه .. پەروەردگارا کۆڵی خراپەم چەند قورسە ...

گومڕای کردم ز خۆمی لێ گۆڕیم، لە خۆبایی کردم، نەفسی سەرکەشم.

پەروەردگارا تۆ تەنها خۆت دەرد و دەرمانی ئەم دڵە بریندارەم دەزانی

خوایە گیان ئیستاش من هاتووم بۆ ئەوەی زەلیلی و گوناهباری خۆم لەلای تۆ بەیان بکەم، هەموو گۆشەکانی سەرگەردانی تەمەنی بەباچوی خۆم وازلێهێناوە و خۆم خستۆتە ناو ئامێزی پاکیزەیی، ئیتر لەمڕۆ بەدواوە چرکەیەکیش بەشەقامی سەرگەردانیدا ڕێناکەم.

پەروەردگارا .....

ئەی ئەو زاتەی وەڵامی نزات لەلایە، ئەی پشتیوانی چارەڕەشان لێم ببووڕە، من پەیمانم داوە، پەیمانی دڵی ئیماندار بۆ لە مەودوا لە نێو تەسبیحات و نوێژ و ڕۆژوو و حیجابدا نەبێ نەمبینی، دە ئەی خودایە وەرم بگرەوە

پەروەردگارا .....

تەمەنێکی زۆرم لە بێفەرمانی تۆدا ڕێکرد، لەناو کووچە و شەقامەکانی تاوان دا زۆر خولامەوە، ئەزموونێکی زۆرم تێپەڕاند لەناو ئەم گەشتەدا، بەڵام پێچەوانەی ئەو ئەزموونەی کە تۆ دەتویست . ویستم لە گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ دا ئاسوودەیی بەدەست بێنم، زۆر بە دیار فلیم و زنجیرە و

ئەڵقەکان دا دانیشتم و قەرزاربارى کات بوومەوە لەسەریان، بە ئامانجى ئەوەى بەختەوەرى بۆ ڕۆحم دابین بکەم، وێستم لەو زنجیرە ئەڵقانەوە ڕاستەقینەیى ژیان فێربم و مامەڵەى جوان لەگەڵ خەڵک بکەم، بەڵام بە داخەوە ئەوان بوونە هۆى ئەوەى لە ژیانى ڕاستەقینە دەرم بێنن و لە جیاتى مامەڵەى جوان سووک و ناشرینیان کردم. لە بەرهەمى هەموو ئەو کارانەدا سفورى و بێ حیجابیى بوو بە ڕێچکەى ژیانم، پەیوەندى دروست کردن لە گەڵ کوڕان بە ناوى (خۆشەویستى) پێکەنین بە دەمیانەوە بە ناوى ئەوەى وەک (برا) ى خۆم وایە، لەبەر کردنى جل و بەرگى ئەوروپى بەناوى (پێشکەوتن) بوو بە مۆدێلى ژیانم.

ئەمانەم هەموو کردن ....هەوڵ و کۆششى زۆرم بۆ دان تەنها بۆ ئەوەى شادى بۆ ڕۆحم بەدى بێنم، بەڵام لە ڕێگەى هەواوێان دا لە ڕووى هەموو ئەم کارانەدا دەرگاى بەختەوەریم بە ڕوودا داخرا.

لە دەرگاى هەر یەکێکیانم دا پێم ووت: هاتووم لەگەڵ تۆ دا بەختەوەر بم.

ووتى: لاى من دەست ناکەوێ، پێم ووت و داواى ئاسودەییم لێ کرد، ووتى: من دژى ئەم چەمکەم .

ووتم: ئەى بۆ دەست کەوتنى خۆشى و شادى چ بکەم؟ ڕوو لە کوێ بکەم؟ ووتى: زۆر بەداخەوە سەرگەردان بووى من ئەو شتانەى تۆ دەست ناخەم، چونکە من دەرگایەکم،

ئیبلیسە دەرگەوانەکەم .

ئێستاکەش وا دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ ئەی دروستکارم، ئەی هەڵسووڕێنەری ژیانم داوات لێ دەکەم کە لێم ببوری.

پەروەندەکەم.....

گەر سۆز و بەزەیی تۆ نەبوایە، ڕووی پارانەوەم نەبوو لێت.

خوایە گیان .....

تۆ لەکەسێک خۆش بوویت و لێبووردنی خۆت کردە خەڵات بۆی (١٠٠) دانە کەسی کوشتبوو، تۆ لە کەسێک ڕازی بووی کە تەنها سووجدەیەکی بۆ نەبردی و شەهیدیت کردە دیاری بۆی، سوپاس بۆتۆ خودایە کەمن هیچ کەسێک بە دەستەکانم نە کوژراوە، وە تەوبە و گەڕانەوەم بە نوێژکردن و سوجدەبردن بۆ تۆ دەست پێکردووە. بەووڕەیەکی بەرز و دڵێکی پڕ ئومێدەوە داوات لێ دەکەم کە لێم خۆشبی، زۆر چاک دەزانم ئەگەر تەمەن باقی بێت ئا لەم گەشتەمدا ئەوەی بەدواێدا دەگەڕام و ئازاری زۆرم بۆ چەشت دڵنیام لەم سەفەرەمدا دەستم دەکەوێت، بۆیە وا بڕیارم دا خۆم کۆبکەمەوە و لەگەڵ کاروانی تەوبەکاران دا بەرەو بارەگای تۆ منیش بە دروشمی «پەشیمانم ئەی خودایا منیش گەڕامەوە بۆلات «بکەومە ڕێ، ئیتر کۆتاییم پێ هێنا ژیانی پڕ تاوان و ئازار و چەرمەسەری لە پێناوی هیچدا.

ئەی کچە شیرینەکەم

خۆزگە ئەگەر گورگ تەنها گۆشتی لە مەڕ ئەوێ ئەوە پیاو زۆر لە گۆشت گرانتر و گرنگترینیان لە تۆ دەوێ، بەنرختترین شتیان دەوێ کە ئابڕووە

ئەو ئابڕووەی: قورسی تۆی پێوە بەستراوە. ئەو ئابڕووەی: لە ناو خەڵکی شانازی پێوە دەکەیت. ئەو ئابڕووەی: بردنی گەلێک لە مردن گرانترە.

کچە شیرینەکەم:

بڕوا بەو گەنجە مەکە کە ئەڵێ تۆم تەنیا لە بەر ڕەوشت بەرزی و سەنگینی خۆش دەوێت چونکە ووشەی خۆشەویستیان کردۆتە داو و هەزاران کەڤ و نێچیری وەک تۆی پێ ڕاو دەکەن.

ئاخ ڕۆڵە گیان

خۆزگە ئەو گەنجەی پەیوەندی لەگەڵ دەبەستیت کاتێک لەگەڵ کۆمەڵێک هەرزەکاری وەک خۆی دائەنیشێت و باسی ئێوەی کچان ئەکەن ئەو کاتە ئەتزانی هەموو زەردە خەنەیەکی هەرزەکارانە بۆ تۆ ژار و دەردێکی گرانە و هەرگیز بە زەردەخەن وەڵامت نە ئەدایەوە و شلیت بۆ نە ئەنواند.

کچم:

ئەوانەی داوای یەکسانی ژن و مێرد ئەکەن درۆ ئەکەن چونکە بە دروشمی یەکسانی ئەیانەوێ شوێنە هەست بزوێنەکانی کۆمەڵی ئافرەتان دەر بخەن و خۆیان و چاوی زەق و چنۆکیان تێ بەردەن

ئەی کچە شیرینەکەم:

بۆچی ئێوە ئێوارەی ڕابردووی پڕ شانازی خۆتان لە مێژووی ئیسلامدا لە یاد چوتەوە کە مێژووی ئیسلامی زێڕین قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتین، ئێوەی ئافرەتان یەکەم کەس بوون باوەڕتان هێنا بەڕ ئیسلام، بەر لە ئێوە ئافرەتان یەکەم کەس بوون سەری بەندایەتیان بۆ خوا داناو نوێژتان کرد پێش پیاو، لە هەموو شتێک گرنگتر و جێگای شانازی هەموو ئافرەتێکی بە شەرەفە لە سیرەی مێژووی کۆن و تازە و داهاتوودا ئەوەیە یەکەمی شەهیدان و کاروانی شەهیدانی بێ شوماری ئیسلام ئافرەت بوو پێش پیاو.

کچە شیرینەکەم:

ئەمە بوو ئامۆژگارییەکانم بۆ تۆ، هەر ئەمەش ڕاستە بۆ تۆ کە لە منت بیستە. زۆر چاک بزانە هەموو چاکیەک بە دەست تۆیە بە دەست پیاو نییە، ئەگەر ئارەزووت کرد خۆت چاک بکە هەموو شتێک چاک ئەبێت، شەرەفَ و نەتەوەکەشت لە هەموو تەپ و تۆز و تانە و تەشەرێک ئەسرپێتەوە.



لە کۆتاییدا

ئەی خوشکە سەنگینەکەم ووتەی کۆتاییم تەنها ئەوەیە بوت:

هیوام وایە و داواکارم لە پەروەردگار ئەم پەیڤانەت بۆ بکاتە هۆکاری ڕێنموونی و گەڕانەوە بۆ ڕێی ڕاست و دروست، وە پێشت دەڵێم: توخوا ئەگەر بڕیاری حیجاب و بالاپۆشیت دا با بالاپۆشییەک بێت کە خواگیان دەیهەوێت، با هەموو مەرجەکانی بالاپۆشی تێدابێت، چونکە بە هەموو مەرجەکانەوە ئینجا بە بالاپۆشی دادەنرێت. وە هەروەها ئەگەر حیجابێکی تەواویشت پۆشی، چۆن پۆشاکەکەت لەسەر دەستووری ئیسلامە، با ڕەوشت و ڕەفتاریشت، مامەڵە و هەڵسوکەوتیشت لەسەر دەستووری ئیسلام بێت چونکە هەموو فەرزەکان هەر لە (نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و حیجاب) فەرزن لەسەر مسوڵمان بەڵام لەوان فەرزتر و پێویستتر و گرنگتر کار پێکردنیانە، ئیتر مالئاواو لە دوعای خەیرت بێبەشم مەکە.

سوپاسی پەروەردگار دەکەم کە شەرەفی نووسین و

ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیەی وەکو دیارییەک بە من بەخشی، هەزاران هەزار حەمد و سەنا و ستایش بۆ پەروەردگار.

خوێنەری بەڕێز .....

ئەم نووسراوەی لە بەردەستت دایە مشتێکە لە خەرمانێک، بەڵکو قومێکە لە دەریایەک دەربارەی پلە و پایەی (بالاپۆشی) دەخوازم مایەی ڕەزامەندی خوا و پاشانیش سوود لێ وەرگرتن بێت.

چاککردنەوەی هەڵەو سڕینەوەی پەڵەو پینەکردنی شڕە و ئامۆژگاری و زانیاری زیاتر دڵخۆش و شادومانم دەکات، بەوپەڕی شانازییەوە لە پێشوازی دا دەبم و بەدەست وەری دەگرم و بەچاو دەیبینم و بە گوێ گوێی بۆ دەگرم و بە دڵیش پێی ڕازی دەبم و هەموویان دەخوێنمەوە و لە شوێنی گونجاوی خۆیان دا دایان دەنێم.

ئازیزەکانم .... لەم نووسراوە دا هەرچی ڕاست و دروست و بێ لەکەیە ئەوە گومانت نەبێت لە خواوەیە، ئەوەی هەڵە و کەموکوڕیشە لە منی بەندەی بێتوانا و بچوکەوەیە.

بۆ ڕەخنە جوانەکانتان و پێشنیازە بە پێزەکانتان یاخود هەر کارێکی باش کە پەیوەندی بەم نووسراوەوە هەیە تا لەچاپەکانی داهاتوو دا سوودی لێ وەربگرین دەتوانن پەیوەندی بکەن بەم ناونیشانەوە

مۆبایل و ئیمەیڵی نوسەر

٠٧٥٠١٠٥٢٩٨٧

Masrur.dukany@gmail.com

مەسرورسلێمان عەزیز

٢٠١٠/١/٢٦ ز بەرامبەر ١٨ زالقعده ١٤٣١

وَصَلي للهُ على محمد وَعَلى أَلِهِ واصَحبِهِ وَسَلِم سُبحانَكَ اللهُم وَبِحَمدِك أشهَدُ أن لاإلهَ إلا أنتَ أستغفِروكَ وَأتوب إليكَ، وسلام عليكمُ وَرَحمةَ اللهِ وَبَرَكاتُهُ .

سەرچاوەکان

١.القران الكريم.

٢ . ئەسرینەکانی تەوبەکارێک _د.إبراهیم دوەیش _ وەرگێڕانی: ڕێباز خورشید، چاپی یەکەم ٢٠٠٧ .

٣. ئەی کچە شیرینەکەم _علی تەنتاوی _ وەرگێڕانی محمد مەلا صالح شارەزووری

٤ . باڵاپۆشی ئافرەتی موسوڵمان - نەوا محمد سعید، چاپی یەکەم ٢٠٠٥.

٥ . باڵاپۆشی - عمر خالد ، وەرگێڕانی . فاروق عمر محمد ، چاپی سێیەم ٢٠٠٧.

٦ . پەرەو ئیسلام (ئاشتی) _ ئەندازیار عوسمان، چاپی دووەم ٢٠٠٧ .

٧ . پەرەو ئیسلام (ئایینێکی جیهانی) _ ئەندازیار عوسمان، چاپی یەکەم ٢٠٠٩.

٨ . بەڕاستی شاژنە _ د. محمدالعریفی _ وەرگێڕانی: عبدالمجید عبدالحمید، چاپی دووەم ٢٠٠٩ .

٩ . بڵاوکراوەی بەختەوەری- دەستەیەک لەخوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.

١٠ . بڵاوکراوەی نوێبوونەوە - دەستەیەک لەخوێندکارانی زانکۆی سلێمانی .

١١ . تەفسیری ئاسان ـــ بورهان محمد أمین .

١٢ . پەیامەکانی خوشکان زنجیرە(٧) - سودو حیکمەتی باڵاپۆشی_ عمر عبدالعزیز، چاپی دووەم ٢٠٠٧ .

١٣ . چەمکێک لەمانای بالاپۆشی - بەیان نامق محمد .
١٤ . خوانی ڕوح _ مامۆستا أحمدی شەریعە، چاپی دووەم ٢٠٠٨ .
١٥. ڕۆژئاواییەکان بۆ موسڵمان دەبن _ هالە سەلاحەدین لۆلۆ __ وەرگێڕانی: کەلسومە جەمیل، چاپی یەکەم ٢٠٠٧ .
١٦ . کۆباسێک لەسەر بالاپۆشی - باوکی محمد - ڕەزا عبدالکریم، چاپی دووەم ٢٠٠٨ .
١٧ . کۆسپەکانی حیجاب - حسام الدین جودت - وەرگێڕانی: غازی إسماعیل میر ڕۆستەمی، چاپی سێیەم .
١٨ . کچان ئازار و هیوا _ د.إبراهیم دوەیش_ وەرگێڕانی: مەریوان عارف
١٩ . نامیلکەی میوانی کۆتایی گیان کێشان .
٢٠ . وتاری حاجی کاروان.
٢١ . مالپەڕی (عرب تووب)
٢٢ . مالپەڕی (کتابات) .
٢٣ . مالپەڕی (منتديات قبيلة ال بن علی)
٢٤ . مالپەڕی (مصريات) .
٢٥ . ڕۆژنامەی (نۆرت)
٢٦ . www.ba8.org
٢٧ . www.haiv.org
٢٨ . www.Islam Dost.com
٢٩ . www.islampaik.org

خوشکی بەڕێزم

لەم نامیلەکەدا ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی بالاپۆشی دەخوێنیتەوە.

بە گرنگی بالاپۆشی لە ژیانی خانماندا ئاشنا دەبیت.

وەلامی ئەو گومان و پرسیارانەت دەستدەکەوێت کە لەم بابەتەدا بە خەیالتا دێت.

حیکمەتی بونی بالاپۆشی و مەرجەکانی ڕۆشن دەبێتەوە.

٢٥٠٠ دینار

07501269689
07511408868

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاری ئاوباریك- نهۆمی یەكەم
بەرامبەر كاسۆمۆڵ - دوكانی ژمارە (١٦)